ڕەسمیدا بوو ئەوسا ئەگەر ڕاستی نەکەیتەوە میراتی باوکت پێ نادەن، مانگانەکەت گل دەدەنەوە، پەساپۆرتت نادەنێ، کوڕەکەت لە قوتابخانە وەرناگرن...

پەرۆش بۆ «ڕاستی» کە هەستێکی پڕ شەرافەتە لە مرۆڤدا دەبێتە پەرۆش بۆ عەینی شەرافەتەکە لەو حاڵەتانەدا کە ڕاستی و شەرافەت بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. تۆ سەیری، لەو جێگایانەدا کە فەلسەفە ماددییەکەی پایەی هۆش و ئیرادە دادەلەنگێنێت خۆی دەبێتە یاسا و ئایین، هەموو ئەو حەبس بوون و خۆبەخت کردنە سیاسییانەی کە لە شوێنێکی دیکەدا دەبێتە هۆی شانازی کردن و ناو و شۆرەتی پیاوەتی و شۆڕەسواری، هەموویان لەبەر سێبەری ئەو فەلسەفەیەدا دەبنەوە بە تاوان و ڕیسوابوون... و لەناو چوونیش، لە هەردوو حاڵەتیشدا یەک نیازی پاک و پیرۆزی ڕێزلەخۆنان و ماف وەدەست هێنان و خزمەتی کۆمەڵ لەلایەن خۆبەختکەرانەوە هاندەربوە.

هەر لەو ڕوانگەی ڕێزنان لە مرۆڤایەتی و ئیرادە و بیروباوەڕ و مافە ڕەواکانیەوە ڕەخنەی یەکجار ناڕەزامەندانەم هەیە لەو گوتە کۆنە پەرەسەندوە پێدا هەڵگوتراوەی کە دەڵێ مرۆڤ نرخدارترین سەرمایەیە: دەزانم لە سەرەتاوە ئەم گوتەیە بە نیازی بزاوتنی دەماری هەست بەخۆ کردنی ئاپۆرەی هەژار و قەلەندەران دەربڕاوە لەو کاتانەدا کە وا جارێ ئەوەی پێی دەڵێن «لایەنی کەم – الحد الادنی» ی مافی کۆمەڵایەتیی تاک و کۆمەڵ خۆی نەکردبوە پاڵەپەستۆ بەسەر هەست و هۆشی بیرکەرەوانەوە، بەڵام ئەو سەردەمانە لە هەموو ئاسۆیەکانی بیروباوەڕ و خەبات و بەرەپێش چوون و گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاوا بوون و چوونە ڕیزی یادگار و ئاستەوار و شتی کۆنینە. خۆ بە نیسبەت وڵاتە سۆشیالیست و کۆمیونیستەکانی کە گوتەی وەهایان تێدا باوە، بە حیساب، حکومەت و دەسەڵات هی ئەو چینانەیە کە وا بەر لە سەد ساڵ گوتەکە بۆ خاتری ئەوان و بۆ دڵدانەوە و هان دانی ئەوان دەربڕابوو، واتە مرۆڤەکە خۆی خاوەنی واقیعەکەیە، هەر بە جارێ دەوری بەسەر چوە. چونکە پرسیارێک هەڵدەستێت و دەڵێت: چۆن دەشێ مرۆڤ بە خۆی بڵێ من سەرمایەم؟ گریمان سەلماندمان لە شوێنێکی وەک فرانسە وەیا ئەڵمانیادا جارێ بەرەی پرۆلیتاریا نەگەیشتوە بە مافەکانی خۆی و تا ئێستاش دەتوانین بە بۆرە تەئویلان ڕێ بە خۆمان بدەین بڵێین زوربەی گەل پێویستی بەو جۆرە دڵدانەوەیە هەر ماوە. خۆ لە پۆڵۆنیا و بولغاریادا پرۆلیتاریا حوکمڕانە ئیتر چۆن ڕەوا دەدیترێ حوکمڕان گاڵتە بە خۆی بکات و بڵێت خۆم لە هەموو سەرمایەکانی وڵاتی خۆم نرخدارترم. بە نموونە دەڵێم، چەند سەیرە بابایەک لە ماڵی خۆی چاو بە کەلوپەلەکانی ناو ماڵدا بگێڕێت و، دوای لێکدانەوە، لەگەڵ خۆیدا بڵێ لە نێوان بۆفێ و مافوور و قاپ و قاچاغەکان... دا خۆم لە هەموان پتر پارە دەکەم. وەیا فەلاحێک بێت و نرخی خۆی بە گاجووت و بزن و مەڕ و ئەرزەکەی بگرێت و بڵێ ئافەرین لە خۆم چەند بەنرخترم لەوان!!

کاتێک مرۆڤ بەڕاستی «سەرمایە» بێت، وەک کە لە کۆندا عەبد دەکران و دەفرۆشران، ئەم گوتەیە تابڵێی بەنرخ و مرۆڤدۆستە بەڵام لەم سەردەمەدا ئەویش وەک هەزارانی شتە کۆنینە چاکەکان کە دەوریان بەسەرچوە بۆتەوە بە دوشمنی مرۆڤ چونکە لە جیاتی ئەوەی بە خاوەنایەتی و ئاغایەتیی مرۆڤدا هەڵ بڵێ دەیهێنێتە ڕیزی «سەرمایە» و نەختێک، بەدرۆ، لەوی بەرزتر دەکاتەوە. درۆیەکەش زۆر ئاشکرایە چونکە بێگومان ئەو کەسە و ئەو کۆمەڵەی گوتەی وەها دەڵێنەوە هەرگیز لە تەتبیقدا مرۆڤ ژووروی

ئالەت ناخەنەوە لەو ڕووەوە کە هات و هەڵەیێکی کرد وەیا ئامێرێکی شکاند گورج یەخەگیری دەبن و خێرا بە خێرا بە نیازی تۆڵە لێ سەندنەوەی دان بە هۆش و گۆش و ئیرادەیدا دەهێنن و پێی دەڵێن خۆ تۆ گاجووت و کۆکا و مافوور و پەنیر نیت بتبەخشین. هەزار جارانیش بڵێ کوڕینە من نرخدارترین سەرمایەم لێی ناسەلمێن.

هەڵبەت من لەم میسالەدا مەبەستم ئەوە نییە چاوپۆشی خۆڕایی بکرێ لە مرۆڤی خەتاکردوو و تەنبەڵ و تەوەزەل چونکە دیارە ئەو تەرزە مرۆڤانە هەر بەجارێ کەڵکیان لێ دەبڕێ کە دیتیان خەتایان لێ بەسەر ناگیرێتەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەم گوتەیە لە هەموو ڕوویێکەوە پەک کەوتە و بێبایەخ و بێ ناوک و ناوەڕۆک بوە بە تایبەتی لەلایەن ئەوانەی لە ئاخاوتندا بەکاری دەهێنن، ئەگەر پەکیشی نەکەوتبێ هەر لەوەدا پەکی نەکەوتوە کە مرۆڤەکە تێیدا خەسارەتمەند دەبێ چونکە دیارە کە خرایە ڕیزی سەرمایەوە دەبێتە بابەتی بازاڕ و کڕین و فرۆشتن، وەک دیتیشمان بایی تاوانباربوون لە کاتی هەڵەکردندا دەبێتەوە بە مرۆڤ و لە «سەرمایە» دەشۆرێت.

وابزانم تۆش لەگەڵ مندا باوەڕ بەمە دەهێنیت کە مرۆڤ ناوی سەرمایەی لێ نرا خاوەنی لێ پەیدا دەبێت و دەستی بەسەردا دەگرێت ئەوساش خاوەنەکەی چۆنی بەلاوە بەرژەوەند بێت وەهای لێ دەخوڕێت و ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات. ئیتر دەشێ وەک دیل بیخاتە قەفەسەوە و وەک دابەستەش خواردەمەنی تیروپڕی بداتێ، ڕەنگە بە پێچەوانەش برسی بکات یا هەرچۆنێک خۆی بیەوێت وەها لەم بەنرخترین سەرمایەیە بکات. لە هەموو بارێکیشدا سەرمایە مافی ڕازی نەبوون و ڕەخنەگرتن و داواکردن و خواهشت دەربڕینی نییە. هەر ئەمەیشە بەو مرۆڤە ڕەوا دەدیترێ کە پێی دەڵێن بەنرخترین سەرمایە. ئنجا هەروەک بیرکەرەوە ماددیە سیاسییەکانی بەرەی شۆڕشگێڕ بە خەڵق ڕادەگەیەنن کە ڕازی بوون بە لیبەڕالیەتی بەردەوام بوونە لە کۆتی بۆرجوازیەتی، هەرچەند لە سەردەمێکدا لیبەڕالیەتی پێشکەوتووترین ڕێژیمی سیاسی بوە، منیش بە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەڵێم ڕازی بوونت بە گوتەی «مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە» تەڵەیێکی ئەبەدیت لێ دەنێتەوە چونکە لەمەیاندا پلە و قۆناغ و سەردەم پەیدا نییە وەک لە لیبەڕالیەتیدا هەبوو، لەبەر ئەمە ئەگەر خۆتی لێ ڕزگار نەکەیت هەتا هەتایێ بێنرخترین [دیسان دەڵێمەوە بێنرخترین] سەرمایە تۆ دەبیت.

بەڕاستی گوتەکە بە نیسبەت تێکڕایی ئادەمیزادەوە ئیفلاسی کردوە بەڵام بێگومان بەلای ئەو کەسەی بەسەر خەڵقی دیکەیدا دادەبڕێت، هەتا ئەو ڕۆژەی تەڵەیێکی باشتر دەدۆزێتەوە، گوتەیێکی زۆر بە پیت و بەرەکەت و بڕشتە. لەلایەن مەوزووعی بوون و زاتی بوونی گوتەکەیشەوە لە ئاشکرا ئاشکراترە کە وا زوربەی مرۆڤ تەڵەی وەها پەسەند ناکات ئەگەر زاتەکەی کوێر نەکرێت چونکە دیارە عەبدیش لە ناچارییەوە نەبێت حەز بە عەبدایەتی ناکات. بەڵام ئەو دەسەڵاتەی کە گوتەکە بەسەر غەیری خۆیدا دەسەپێنێت حیسابی زاتیەتی و مەوزووعیەتی لەگەڵدا ناکرێت چونکە ئەو لەم هەڵوەستەدا هەلپەرست و سەرشێوێن و عەوام خەڵەتێنە، ڕەنگە جەلادیش بێت. بابگەڕێمەوە بۆ حیکایەتی «دوانەتی» و مەترسییەکانی.

دیتت لە قسەکانمدا بەلای ئەوەوە چووم کە لە سەرەتای بیرکردنەوە و لێکدانەوەدا فەیلەسووفە

ماددییەکان هەم لەبەر غەرق بوون لە کەلکەڵەی حەپەسان بەرانبەر شکۆی مادده و هەم لەبەر ترسی دزەی بیری «دوانەتی» بۆ ناو لێکدانەوەی ماددی، بەناچاری، بەرەو داڵەنگاندنی پایەی هۆش و ئیرادە چوون، دواتریش کە بەرەی ئەو فەلسەفەیە گەیشتە حوکم و دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت سوودی خۆی لەوەدا دۆزیەوە کە مرۆڤ هەر لەو پلەیەدا بمێنێتەوە نەوەک لەسەر سەکۆی زێدە بڵندی «یەکەمایەتی و کاریگەرایەتی و خاوەنایەتی و ڕابەرایەتی» دا تەمای مافی ڕەخنەگرتن و ڕازی نەبوون و بەدرۆخستنەوە و قەناعەت گۆڕی و ئەو تەرزە یاخیگەرییانە بچێتە دڵیەوە چونکە بێگومان مرۆڤی ئیرادە ئازاد یەکجار زەحمەتتر و درەنگتر دابین دەبێ لە مرۆڤی گیرخواردوو بەدەست قودسییەتی نەزەرییانەوە. مرۆڤی ڕەها لەوانەیە لە خۆشیدا خنکابێت و داوای پتر بکات، بە پترەکەش ڕازی نەبێت ئیتر بابداتەوە سەر بێباکی و ڕیش بەردانەوە و جل شڕی و قوتەیی و گاڵتە بەدنیا کردن، بەڵام کە وەک سۆفی، ترسی بەزاندنی سنووری قودسییەتی نەزەریە و بیروباوەڕ مچوڕکی بە لەشیدا هێنا، زۆر بە ئاسانی، دوو قسەی میکرۆفۆن و دوو دێڕی نووسینی سەر دیوار بە ئیمزای سەرۆکەکەیەوە هێندەی عەسکەری ئیجباری فەرمانبەرداری دەکا بۆ بەر حوکمی لەخۆ گەورەتران. کە برسی و ڕووت بوو دەسەلمێنێ بۆ سوودی گشتی جانفیدایی کردوە، کە تێر و پۆشتەش بوو شانازی دەکا کە هیچ پێڕەو و یاسا و نیزامێک نییە هێندەی ئەو یاسایەی خۆی تەقدیسی دەکات مرۆڤنەواز بێت.

من لەو باوەڕەدام ترسی ڕازی نەبوون و یاخیگەری جیلی دوای نیوەی سەدەی بیستەم وا لە سەرۆکەکانی وڵاتە کۆنە شۆڕشگێڕەکان دەکات پتر بەرەو سیاسەتی «بەیەکەوە هەڵکردن» بڕۆن چونکە خەڵقەکە لەو وڵاتانەدا دەمێکە داوای چاوپۆشی و لێبووردن و لەخۆبووردن و جانفیدایی و ڕازی بوونیان لێ دەکرێ تاکوو وایان لێهات بەرەو ناڕەزایی و نەسەلماندن بینەوە چونکە هەموو تەحەمولێک سنوورێکی هەیە. مرۆڤیش هەرچەند ڕام و کەوی و دەستەمۆ بکرێت هەر مرۆڤە و نابێتە جانەوەر. لەبەر ئەمە بەبەریەوە هەیە ڕۆژەک لە ڕۆژان دەروونە تەنگەتاو کراوەکەی بتەقێتەوە، ئنجا ئەگەر ئەو سەرۆکانە بزانن سیاسەتی کرانەوە و بەیەکەوە هەڵکردن خێراتر خەڵقەکە بەدەنگ دەهێنێت لەوەی دیوار بە دەوریەوە هەڵبنرێت با دەدەنەوە سەر ئەمەیان چونکە لە هەموو حاڵاندا سەرۆکەکان حیسابی بەردەوام بوونی دەسەڵاتی خۆیان بەر لە هەموو شتێک دەکەن، لەوەشدا فەرق نییە ئایا بینبڕکێی نێوان خۆیان بۆ سەرۆکایەتی بەگژ یەکتریاندا بهێنێت وەیا ترسی بەدەنگ هاتنی زوربەی میللەت حەولی تەبریر و چاوبەستەکێ و «زات کول کردن و بەهەڵەبردنی خەڵق» و فەلسەفەگۆڕی و کاری ئەوتۆیان پێ بکات چونکە لە هەموو حاڵاندا پێوەندییان بە مەوزووعیەتەوە نییە، بگرە لە زاتییەتیشدا، وەک پێشتر گوتم، بەلای هەلپەرستیدا دەچنەوە.

لەبەر تیشکی ئەو دێڕانەی لەو یەک دوو لاپەڕەیەی دواییدا خوێندتەوە، من کە دێم حیساب بۆ ترسی دوانەتی لە لێکدانەوەی فەیلەسووفە ماددییەکان دەکەم، هەڵوەستی سەرۆکە سیاسییەکان کە دەچێتەوە بۆ «هەلپەرستی» نەک بۆ شتێکی تر بەر ئەم حیسابەی من ناکەوێت چونکە هاندەری هەلپەرستی پەکی لەسەر حەقیقەت و ڕاستی و درۆیی شتان نەخستوە تەنانەت ئەگەر بزانێ بە پەرەسەندنی فکرەی دوانەتی ئاشەکەی خۆی خێراتر دەگەڕێ دەرلەحزە دەیکا بە باوەڕ و بە ئایینیش: حیسابی من لەگەڵ

داهێنەران و بێ مەبەستەکانی ئەو لێکدانەوە ماددییەیە کە هێزی نەزەریەکەیان لە پێش خستنی دەور و کاریگەرایەتی ماددەدا دیتوە ئەوساش هاندەری سوودی شەخسی و پاراستنی دەسەڵات لە کاسەی ئەواندا نەبوە تاکوو بڵێین مەبەستی سوود و ناو و شۆرەت پایەی مرۆڤی بەوان دالەنگاندوە چونکە کاتێک فەلسەفەکە هەڵدەندرا، وەک گیانی کوردایەتی ئەم سەردەمە، هەر ناڕاحەتی بەدوا خۆیدا دەهێنا بۆ ئەوانەی پێیەوە خەریک دەبوون.

جا ئەگەر خوێنەرێکی ئەم رۆژگارە بیەوێت لە سەرنج دانی ئەم نووسینە سوودێکی فکری وەربگرێت دەبێ دوو جورئەتی زۆر گەورە بداتە بەر خۆی: یەکێکیان لەوەدا کە ترسی «دوانەتی» لە شێوە بیرکردنەوە و بۆچوونەکانی فەیلەسووفە کۆنەکانی ماددییەت دەدۆزێتەوە و دەبینێت ئەو ترسە بەزیادەوە نرخ و سەنگی ماددەی مردووی بە قاچاغ هێناوەتە ناو نەزەریەکەوە، یەکێکیشیان لەوەدا کە بۆی ڕوون دەبێتەوە چۆن ڕابەرە سیاسییەکان و خاوەن دەسەڵاتەکانی بەرەی فەلسەفەی ماددی بە نیازی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان و کەم کردنەوەی مافی ناڕەزابوونی زوربەی میللەت بەردەوام دەبن لەسەر پێداهەڵگوتنی دەوری ماددە، بگرە بە پێی زۆربوونی ژمارەی رۆشنبیران پتریش لە جاران نووسینی ماددەدۆست بڵاو دەکەنەوە.

دوای ئەم دوو جورئەتە زلە تێبینییەکی دیکە دێتە پێش پتر لە زەحمەتی چاوپێداگێڕانەوەی فەلسەفەکە زیاد دەکات ئەویش بێکەسی و بێپشتیوانی ئەم تەرزە نووسینەی بابایێکی وەک منە کە ئەگەر ڕاستیشی پێکابێت و هیچ هەڵەشی تێدا نەبێت تاکە یەک نان پەیدا ناکات، بە پێچەوانەی خۆدانەپاڵ لایەنەکەی تر وەک بە چاوی خۆمان لە سەرانسەری جیهاندا دەبینین. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کەس بە خوێندنەوەی نووسینی بێپشتیوان زەرەرمەند نابێت، خۆ ئەگەر چ سوودیشی هەبێت خاوەنی نووسینەکەی تێدا بەشدار نابێت، بۆیەیە بێ زمان گرتن و کۆمەکردن ئەم وتووێژە لەگەڵ خوێنەری کوردا دەکەم. ئەوەش دەڵێم و دەخەمە سەر قسەکانمەوە: خوێنەر هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی سوود و زەرەری چاو پێدا گێڕانەوەی بیروباوەڕ دەکات با بکات و هەر بڕیارێکیش لەوەدا دەدات با بدات بەڵام با ئەوە بزانێت کە ئەو پاش دۆڕاندنی ئیرادە و ئازادی باوەڕەکەی لە نەزەر سەرپەرشتی کەرانی فەلسەفەکەدا دەبێتە «شت» و مامڵەتی شتی لەگەڵدا دەکرێت چونکە مرۆڤ کە لە بنەڕەتدا مەخلووقێکی خاوەن هۆش و ئیرادەیە بۆ خواهشتی خاوەن مەبەستی شەخسی ڕام نابێت تا هۆشەکەی کول دەبێت و ئیرادەکەی دەسوێت. دوای کول بوون و سوان بەتەواوی لە پلەی مرۆڤایەتی دادەبەزێت. کابرای خاوەن مەبەستی شەخسیش لەو مامڵەتەدا پەندەکەی «بەپێیان بگرن بێپێ هی خۆنە» ی بەکار هێناوە چونکە کە ئەو هۆش و ئیرادەی لە مرۆڤ وەرگرت ماڵەکەی و هەموو قابیلیەتەکەشی هی خۆیەتی، نەک ماڵ و قابیلیەت گیانەکەشی. ئنجا ئەو گەنجە ڕۆشنبیرەی لەوەدا دەحەسێتەوە کە فەرمانبەری بێرەخنە و بێگرفتی لەخۆ گەورەتران بێت هەر ئەوەندە مەودای تۆڵە سەندنەوەی بۆ دەمێنێتەوە کە خۆی گەییشتە پایەی ڕابەرایەتی و دەسەڵات، گەنجی ئەوسا لە خشتە ببات و زەلیلی فکریان بکات و سواری زاتیان بێت.

هەرای نێوان «مرۆڤ» و «دەوروبەر» وەک دەبینیت زۆری بەبەرەوەیە. بەهەمەحاڵ قسەی من ئێستاکە

لەگەڵ نەزەریەکە خۆیەتی، چونکە خاوەنە مردوەکانی لەم ڕۆژگارەدا نایەن لەسەر بەرزایی حوکم و دەسەڵاتەوە شۆڕ ببنەوە بۆ بیستنی قسەی ئەوتۆ کە ئەگەر گوێگری هەبێت، هاوبەشیان لەو دەسەڵاتەدا زۆر دەکات و زوربەی فەرمانبەرکانیشیان لێ بەدەنگ دەهێنێت، جا کە حاڵ وەها بێت ڕێم هەیە بڵێم ناشێ ترسی «دوانەتی» وەها لە نەزەریەی ماتیریالیزم بکات کە لە دان هێنان بە دەوری پێشرۆ و بێهاوتای مرۆڤ لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ڕووداواندا سڵ بکاتەوە. فەلسەفەی ماددی (ماتیریالیست) لەگەڵ فەلسەفەی وەک خۆیدا باوەڕ بەوە دەکات کە وا ماددەی مردوو لە کۆتایی کارکردن و کارتێکرانی ملیارەها ملیارەها ساڵدا بە پێی داخوازی ئەو خاسیەتانە و ئەو هێزە سروشتییانەی تێیدان گەییشت بە چۆنیەتییەک کە شیا هێزی ژیان «زیندوەتی» ی تێ بگەڕێت و ببێت بە ماددەی زیندەڵ، ئینجا بۆ ماوەی هەزاران ملیۆن ساڵ ئەو ماددەی «گیان تێداگەڕاوە» بە پلەی گۆڕانی بایۆلۆجیدا سەرەژوور هات تاکوو گەییشت بە پایەی مرۆڤایەتی و هەرواش لە گۆڕانی بەرەوپێشدایە: ئاخۆ لەم گۆڕان و بەرەژوور و بەرەوپێش چوونەدا، کە هیچ هێزێکی ناماددی تێکەڵ نەبووبێت کوا جێگەورێگەی «دوانەتی»؟ دەمێنێتەوە چاری ئەو جوداوازییە یەکجار سەیر و سەرسووڕێنەری نێوان ماددەی مردوو و زیندوو و نێوان ماددەی زیندووی بێهۆش و بەهۆش بکرێ! چارەسەرکردنی ئەم جوداوازییە لە جغزی شی کردنەوەی ماددیدا بەوە ناکرێت پشت گوێ بخرێت وەیا لێی کەم بکرێتەوە وەیا بە «امر واقیع» وەربگیرێت وەیا لە سەری زمانەوە بکرێت بە سێبەری ماددە.

فکری ماددی بیەوێت و نەیەوێت زیندوەتی و هۆش و ئیرادە [من قسە کورت دەکەمەوە کە ئەم سێ وشەیە بەکار دەهێنم «زیندوەتی – هۆش – ئیرادە» ئەگەرنا گیانلەبەر و هۆشلەبەر موعجیزەی بێئەژماریان تێدایە] لە هەموو لێکدانەوەیێکدا هەر موعجیزە دەردەچن هەرگیزاو هەرگیزیش لە موعجیزە ناشۆرێن بەوەدا لە ڕێی فەندی ژیربێژانە و زیرەکانەوە بە بەرهەمێکی ماددی عادەتی وەک هێزی کارەبا و تیشکی جیهانی و دیاردەکانی کیمیایی و فیزیایی لەقەڵەم بدرێن وەیا لە بایەخی هۆشی مرۆڤ کەم بکرێتەوە. ئەو خاسیەتانەی لە ماددەی گیانلەبەر و هۆشلەبەردا هەن چ بدرێنەوە بە هێزی غەیبی و چ بدرێنەوە بە تێکەڵ بوون و تێک ڕژانی ماددە و هێزەکانی هەر دەمێننەوە وەک دیاردەی هەرە سەیر و نامەفهوومی ئەم جیهانە، هێندە هەیە ئەوانەی کە وا لەبەر کورت هێنانی تەفسیری ماددی دیاردەکە دەدەنە پاڵ دەسەڵات و زانینی بێسنوور و بێکۆتایی پەروەردگار هانا دەبەنە بەر هێزێک کە لە ئاست هیچ شتێک کورت ناهێنێت هەرچەند لەمەشدا بەلای بیرکردنەوەی ماددییەوە بە شێوەیێکی کۆڵ دەرانە لە مەیدانێکی حەقیقی بۆ مەیدانێکی وەهمی هەڵاتون<٦>.

خولاسەی قسان؛ فەیلەسووفی ماددی هەرچەند لە پایەی ماددە بەرز بکاتەوە و لە بایەخی زیاد بکات، ڕووبەڕوو بوونی موعجیزەی گیانلەبەر و هۆشلەبەری بەملەوە دەبێت و خۆ لێ دزینەوەی مومکین نییە. شتێکی کە یەکجار لە ناڕاحەتی هەڵوەستی فەیلەسووفی ماددی زیاد دەکات ئەوەیە کە لەم ڕۆژگارانەی زاناکان چاوەدێری بوونەوەر دەکەن بەو ئامێرە وردبینانەی سەرەتاتکە لە مێکرۆب و لە زەڕڕەش دەکەن ببڕای ببڕای نەدیترا یەک زەڕڕەی مردوو گیانی بەبەرابێت و ببێتە زیندەڵ. ئەمەش ڕاستییێکە لاهوتییەکان پێی دەنگ دلێرتر دەبن چونکە دەڵێن ئەگەر ڕاستە ماددە لە خۆوە بوو بە زیندوو دەبوو لەم

ڕۆژگارەشدا ئەم گیان تێگەڕانە ڕوو بدات بە تایبەتی کە دەزانین زانستی ئەم سەردەمە چەند دەسەڵاتدارە لە پێک هێنانی هەر هەلومەرجێکی پێویست بێ بۆ گیان بەبەرهێنانی ماددە: زانست «عنصر» ی وەهای دروست کرد کە لە سروشتدا پەیدا نەبووبوو ئیتر بۆچی زانست و سروشت بەیەکەوە نەتوانن تاکە یەک زەڕڕەی بێگیان بکەن بە گیاندار؟ کە ئەم گیان بەبەرهێنانە بە یاریدەی زانستی نوێش مومکین نەبێت چۆن دەچێتە عەقڵەوە بە ڕێکەوتی کوێرانە لەخۆوە ماددەی کەڕ و لاڵ و سارد و سڕ لە هیکرا ڕوحی بەبەر هاتبێت؟ هەڵبەت لێرەدا من مەبەستم ئەوە نییە مولحیدان بکەمە ئیماندار چونکە نە من پەکم لەسەر ئەم لایەنە کەوتوە و نە مولحیدیش بە قسەی من بادەداتەوە سەر ئیمان، جیهانیش هیچ بارێکی ناگۆڕێ ئەگەر کاک باپیر وەیا مام ئۆمەر خوای پەرست یاخود شتێکی دیکەی کرد. من لێرەدا لەگەڵ «خیام» دەڵێمەوە:

ان کس که جهان ساخت فراغت دارد

از سبلت چون توی و ریش چو منی

من تەنها ئەوەم مەبەستە، لە خوێنەری کوردی ڕوون بکەمەوە، بە پێی بۆچوونی خۆم، کە ئەم موعجیزەیەی زیندوەتی و لکەکانی بە هەڵاتن لە ترسی «دوانەتی» ناپوچێتەوە و ناڕەوێتەوە، فەیلەسووفی ماددیش کە هات و لە پێشەوە، بە خەیاڵی خۆی، لە ڕێی ئینکارکردنی هەبوونی کردگار و هێزی غەیبی و نامادد‌ییەوە هەموو بوونەوەری گێڕایەوە بۆ تاکە ماکی «ماددە» پێی ناوێ لە نوێوە ترسێکی ئەبەدی «دوانەتی» بەدوا خۆی و نەزەریەکەیدا بگێڕێت و هەمیشە خەریکی شەڕکردن بێت دژی شەبەنگی ئەو مێردەزمەیە.

مرۆڤی ماددی کە هێندە خۆی ئازا کرد بتوانێ بێ تێ خوێندنەوەی هیچ فکرەیێکی بوونی «خوا» دڵی خۆی تەسکین بکات بە توانا و لێهاتوویی ماددەی ڕووت و مردوو بۆ گێڕانی کار و بازاڕی ئەم جیهانە بەو هەموو دیاردە بێئەژمارە سەرسووڕێنە پڕ حەپەسانەوە با ئەوەندەش ئازا بێ کە جارێکی دیکە خەیاڵ لە پەیدابوونی «دوانەتی» نەکاتەوە: فەیلەسووفی ماددی لە خەیاڵی خۆیدا «خوا» ی کوشتوە و لە حیسابانی دەرهاویشتوە، ئیتر چ پێویست هەیە ترسی زاڵ بوونی «فکر» بەسەر ماددەدا لە نوێوە «فەرخەخوا» یێکی بۆ قوت بکاتەوە، ئنجا خوتخوتەی «دوانەتی» و شەبەنگی «غەیب» گێژی بکات و بەگژ ڕابەرایەتی و کاریگەرایەتی و پێشەوایەتی و یەکەمینایەتی و ئاغایەتیی مرۆڤی خاوەن «فکر» یدا بهێنێت! لەم هەرایەشدا ئەوەی تێ دەچێت مافی مرۆڤەکەیە نەک شەبەنگ و مێردەزمەی غەیب چونکە لێکدانەوەی ئەو غەیبناسەی کە لە سەرەتاوە ڕازی نەبوو بە تێبردنی دەوری هێزی «غەیب» هەر ڕازی نابێ بە پووچاندنەوەی دەوری خالقیەتی «هۆش» و «زیندوەتی» لەتەک ماددەدا، بەڵکوو لەم هەولە بێلزومەدا بابای «غەیبناس» بەڵگەیێکی تازەی بەدەست دەکەوێ بۆ نائەمینی کابرای ماددی لە لێکدانەوەکانیدا، چونکە زیندوەتی و هۆش شتی بەرچاون و لە خانەی گومان لێکردنی «غەیب» نین، کەواتە جێی خۆیەتی خەریک بوونی فەیلەسووفی ماددی بە دالەنگاندنی پایەی ئەو هێزە بەرچاوە و یەکجار سەرسووڕێنە ببێتە هۆی گومان کردن لە نیاز و مەبەستی فەیلەسووفەکە نەک هەر بەرانبەر هێزی زیندوەتی [و لکەکانی] بەڵکوو

بەرانبەر سەرانسەری «غەیب» چونکە دیارە یەخەگرتنی شتی بەرچاو و بێگومان یەکسەر گومان پەیدا دەکات لە یەخەگرتنی ئەو شتانەی بەرچاو و بەرهەستیش نین وەک ئەوەی کە یەکێک بیەوێ لە حیسابی پارەی نەقد چاوبەستەکێ بکات دیارە چاوەنۆڕی فێڵی گەورەتری لێ دەکرێ لەو قەرزانەی کە دەفتەریشیان بۆ نەگیراوە. هەر لەم بابەتەی پتر سووربوون لەسەر یەخەگرتنی ناحەزانە و نەسەلمێنانەی شتی نابەرچاو ئەوە بوو کە بەر لە ٤٠ – ٥٠ ساڵ ئەوانەی گومانیان دەخستە ڕاستی و دروستی و ڕەوایی داهێنراوی وەک فۆتۆگراف و گەڕۆک و فۆنۆگراف کە هەموویان بەقەدەر بەرد و دار ڕەق و زەق و بەپۆز بوون، زۆر بە ئاسانی و بە بێز و قێزەوە ئینکاری خڕایەتی زەوی و سووڕانەوەی بە دەوری ڕۆژدا و هێزی کێشەریان دەکرد چونکە ئەمانە لە ڕێی لێکدانەوە و زانست و تاقی کردنەوەوە بە ئیسپات دەگەن. ئیسپاتەکەش وەک ترێ و هەنجیر بەرهەست و بەردەست نییە نەسەلماندن هەڵنەگرێ خۆ مەعلوومیشە ئینکار کردنەکە زەرەری لە مام نەسەلمێنەکە نەدەدا بەڵکوو لەوانە بوو کورێنیشی پێوە بکات بەنامەی ئەوەوە کە گۆیا دژی کافران لەسەر توانای خوا دەکاتەوە.

بەڕاستی کە بە وردی لە مەسەلەکە ورد بیتەوە دەبینیت ئەو فەیلەسووفەی خەریکە لە بایەخ وەیا لە خاسیەتە سەرسووڕێنەکانی زیندوەتی و هۆش دادەلەنگێنێت، بە هەموو هێز و توانای لەسەر مادده دەکاتەوە هەر دەڵێی بەقەدەر پەرۆشی غەیبپەرست بۆ وەحدانەتی خوا، ئەویش بۆ بوتی خۆی بەپەرۆشە. ئا لێرەشدا دیمەنێکی زۆر سەیر و، نابەجێش، دێتە بەر نیگای سەرنج دەرەوە: فەیلەسووفی ماددی لێ دەوەستێتەوە تا زانای فیزیا و کیمیا و نەفس و ئاسمان و ... هتاد ڕاستییان دەدۆزنەوە ئیتر دەستیان بەسەردا دەگرێت و دەیانکات بە خزمەتکاری فەلسەفەکەی، هەر ڕێش نادات بە زاناکە خۆی بیروڕای فەلسەفی لەو زانستانە و دۆزراوانە هەڵێنجێت، خۆ ئەگەر بۆچوونێکی دژی بۆچوونەکانی فەیلەسووفە ماددییەکەی دەربڕی بەجارێک لە پلەی فەلسەفە و زانست دەهێنرێتە خوارەوە و دەکرێتە خزمەتکاری بیری بۆرجوازیەتی‹٧› و غەیب و ئەفسانە، لەمەشدا هیچ کەلێن و دەرفەت ناهێڵێتەوە بۆ ئیحتیمالی ڕاست بوون و خزمەتکار نەبوونی بۆچوونەکە و ئەوەندەی لێ بە کافی دەگرێ کە دژی بۆچوونی خۆی ڕاوەستاوە [خۆی داواکار و خۆشی حاکم].

لێرەدا دەبێ شتێکی یەکجار گرنگ بدەمە بەر زیهن و چاوی خوێنەر، گرنگیەکەش لەوەدا نییە کە بە نووسین و باس لێوەکردنی ئەو گرفتانەی تێیدا دەزێنەوە چارەسەر دەکرێن، بەڵکوو لە گۆشە نیگای فکری رووتەوە نمایشتێکی دەکەم، وەک تا ئێستا نمایشتی هەر شتێکی دیکەم کردوە هیچ بە تەماش نیم گەنجی کوردی سەر بە ماددییەت وەیا مام ناوەنجی وەیا غەیبپەرست دڵ و دەروونی خۆی بۆ قسەکانی من بگۆڕێت. بەهەمەحاڵ چ هێزێکی پەک خەر لە پشت نووسینەکەی منەوە نییە خەڵق ناچار بکات بەدوای بکەوێت، بە پێچەوانە، ئەگەر چ هێزی لەپشتەوە هەبێ دوشمنانەیە، وەک کە مەعلوومە زۆرینەی نووسینی تا ئێستا بەدوامدا هاتبێت دوشمنانە بوە:

من دەمەوێ بە خوێنەری ئەم نووسینە بگەیەنم، بەشێکی هەرا و ناکۆکیی نێوان باوەڕی سەر بە غەیب و باوەڕی سەر بە مادده دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانیان لەگەڵ یەکتردا، نەختێکی دیکەشی داخوازی و فەرمانی باوەڕەکانە بەوەدا کە داوا لە پێڕەویکەرەکانیان دەکەن غەیری خۆیان ناچار بکەن بە واز هێنان

له باوەڕەکانیان، بەڵام بەشێکی بەرچاوی هەرا و ناکۆکیەکە هی مەیل و ئارەزۆی «زات» ی ئەوانەیە کە وا له پەنا نەرمە فەرمانی باوەڕەکانیان بە نانەوەی ناکۆکی، ئاگر و جۆشی حەز و شەهوەتی خۆیان بۆ تۆقاندن و کەنەفت کردن و زەلیلگیری دەخەنە ناوک و ناوەرۆکی باوەڕەکانیانەوە بۆ ئەوەی لەبەر مەشقەڵی ئەو ئاگرە زاتییەدا خەنجەروەشێنی و خوێنرێژی و وێرانکاری بنێنەوە.

ڕووپەڕەکانی مێژوو هەڵدەوە و دێرە خوێناویەکانی هەرای نێوان باوەڕان بخوێنەوە دەبینیت شەبەنگی چەند جانەوەرێک لەو دێڕانەدا خەریکن دەبڕن و دەدڕن و دەکوژن و دەسووتێنن مەیلی نووستوی دڵ کرمێیانیش بۆ دڕندەیی دەورووژێنن، هەناسەش لە مرۆڤی دڵ خاوێن و هێمنیخواز دەبڕن. هەمان دیمەنی نێوان دەفتەری مێژوو لە ڕووپەڕەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژگارەش دێنەوە بەر نیگای سەرنج دەر: لە هەموو هەنگاوێکی زێدە پێویستی یەکیەتی و برایەتی نێوان گەل لەمپەرێکی تیژڕۆیی و چەپڕۆیی و گومان لە خەڵق کردن و غەیر تاوانبار کردن قوت دەبێتەوە و ڕەتێک بە هەنگاوەکە دەبات و هەنگاوهەڵێنەکە سەرەوبن دەکات، خۆ ئەگەر بەشێکی ئەو گومان و تاوانەش ڕاست بێ، پێویستە سوودی گشتی و بەرتەرەف کردنی خەتەری دەرەکی چاوپۆشی لەو هێندە گومان و تاوانە بکات کەچی، بەپێچەوانە، بلّقی نەفس و زاتی گومانکار و ئارەزۆی پەک خستنی غەیر وا دەکات لە هیچە گومان و تاوان وەک پرووشکە بارانی سەر بە قەپووچکە لە سەرانسەری وڵات پفکە بکات.

هەر لە بیرمانە، بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووی عیراق چۆن لە ماوەیێکی یەکجار کورتدا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی تەمووز پەرتوبڵاو بوو، بڵاو بوونەوەشی لەوەوە بوو کە یەکێک لەلایەنەکانی پێک هێنەری بەرە نیشتمانیەکە هەندێک لەلایەنەکانی دیکە پتر دەسەڵاتی پەیدا کرد، ئیتر مەیلی خۆ سەپاندن وای لێ کرد هیچ کەسێک و هیچ تاقمێک و هیچ کۆمەڵێک نەپارێزێ تا حاڵ گەییشتە جێگەیەک دەتگوت بەرەی نیشتمانی وەختی خۆی لە چەند دزێک و یەک خاوەن ماڵ پێک هاتبوو ئەویش وا خەریکە بە جەزای خۆیانیان دەگەیەنێ... هەڵوەشانەوەی بەرەی نیشتمانی بەڵگەی جوداوازیی زات و دەروونە پتر لەوەی جوداوازیی بەرژەوەند و سوود بێت، واتە بەرهەمی زاتە نەک بابەت و مەوزووع چونکە ناشێ ئەو حیزبانەی بە پێی لێکدانەوەی ماددی بەر لە دوو مانگ وەتەنی بوون ئێستا هەر بە پێی لێکدانەوەی ماددی ڕەوای لەناوبردن بن، جا ئەگەر لە مێژوودا نموونەی دیکەی وەک ئەمەیانت دیت بزانە ئەویش هەر لە ڕێی زات کوێرییەوە بەهانەی بە غەیر گرتوە. لێرەدا نزیکترین نموونەی بەراوردکردن کارەساتەکەی شۆڕشی فرەنسەیە، ئەویش زات و دەروونی شۆڕشگێڕەکانی پتر لە جوداوازیی بەرژەوەند وای کرد لە ئەنجامدا مەلیکێکی بێدەسەڵات بگۆڕێتەوە بە ناپلیۆنێکی نیوەدێو، [ئێمە لە بەشی دوەمی ئەم نووسینەدا دەگەینەوە بە شۆڕشی فرەنسە].

هەموو ئەو لێک جودابوونەوانە و براکوژییانەی لە بزووتنەوەی قەومایەتی کوردیشدا ڕوویان دا، ئەوانیش چ پێوەندییان بە مەوزووعیەت و بەرژەوەند و سوودی کوردەوە نەبوو، بە پێچەوانە، دژی کوردایەتی و ئامانجەکانی بوون، جا ئەگەر نەختێکیش جوداوازیی ڕەوا و ئاسایی و چاوەڕوان کراویان تێدا بووبێت بەشی هەرە زۆریان دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری ئەو «زات» انەی سەرپەشتی کارەساتەکانیان

دەکرد ئەگەرنا بەرژەوەندی کوردایەتی ئەوە هەڵناگرێ لە حاڵ و باری ئەم ڕۆژگارەیدا ڕۆڵە سەربازەکانی یەخەگیری یەکتر ببن و بە چەکی بێگانە یەکتر بکوژن، کە دەڵێم «لە حاڵ و باری ئەم ڕۆژگارەیدا» دەمەوێ ڕەخنەی ڕەخنەگر بێدەنگ بکەم دەنا بەلای باوەڕی منەوە ڕەوا نییە هەرگیز لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و خەباتی بەرەوپێش چووندا خوێن لە لووتی کەس بێت. ئەوانەی دەیانەوێ بە بەهانەی لێکدانەوە و شی کردنەوەی فەلسەفی خەڵق ئیقناع بکەن بە پێویست بوون و ڕەوابوونی کوشتن و بڕینی ناوخۆیی خەباتگێڕان کەسانێکن ژەهری عەزیای نەفس و زاتی خۆیان دەڕژێننە ناو دەقی فەلسەفەکان وەیا هەر نەبێ بە جۆرێکیان واتا لێ دەدەنەوە کە پۆرگی ئەوتۆیان تێدا ساز بدرێت جێی ژەهری هەناوی ئەوانی تێدا ببێتەوە. گومانت نەبێ لەوەدا کەوا بەشێکی یەکجار گەورەی هەرا و ناکۆکی و دووبەرەکی و بەشەڕهاتن وماڵوێرانیی تێکڕای ئادەمیزاد لە جوداوازیی ئارەزۆی نەفس و جۆری تێگەیشتن و بیروڕا و دژایەتی مەزهەب و ئایین و ئەو تەرزە شتە «زاتی» یانە بوە کە هیچیان پێوەندییان بە بەرژەوەندی ڕاستەقینە و بێفێڵەوە نەبوە. ئنجا لە نێوان ئەو هۆیە زاتییانەدا دەوری زێدە گرنگی ئەو زاتە دڕندانە دەست پێ دەکات کە ئەگەر زوربەی خەڵقیش لە هەرایاندا بەرەو هێمنایی ببنەوە ئەوان جارێ بورکانی پڕ کلپەی دەروونیان دانەمرکاوەتەوە.

دەتوانم بڵێم ئەگەر لە جێگەی ئەوانەی بە درێژایی مێژوو هەرای وێرانکەریان ناوەتەوە، وەیاخود لە جێگەی هەموو ئادەمیزاد کە ناکۆکی و هەرا و شەڕ و کوشتن و بڕینیان کردوە و لێیان کوژراوە مەکینەی هۆشی ئەلیکترۆنی بڕیاری مەوزووعی و دوور لە عاتیفەی دابایە لە صەدی نەوەد و پێنجی ئەو کارەساتانە ڕوویان نەدەدا چونکە هۆشی ئەلیکترۆنی ئەگەر لێی داوا بکرێ بەدوا بەرژەوەندا بگەڕێ ئارەزۆی خۆی وەیا ترسنۆکیی خۆی وەیا نەزانیی خۆی وەیا... وەیا... هیچ شتێکی خۆی تێکەڵ بە بڕیاران ناکات، ئەوساش هەر دەمایەوە صەدی پێنجی حاڵەتی ئەوتۆ ئەو جۆرە بەرژەوەندەی تێدا بێت کە بە هەرا و ناکۆکی و دووبەرەکی نەبێ پێک نەیەت وەیا زیاد نەکات وەیا نەپارێزرێت.

تۆ هەرگیز خۆش باوەڕی ئەو قسەلووسانە مەبە کە بە بەهارات و خوێ و سماقی زمانە پاراوەکەیان لە گەرمەی شایی و کەیف و دەهۆڵ کوتاندا هەزار سەبەبی ڕێکوپێکی بەگژ یەکتردا چوونت بۆ دەسازێنن. هەزاران لەو زاڵمانەی کۆتاییان بە تێداچوون و لەناوچوون هاتوە ئەگەر زەکاتێکی ئارەزۆیە ناڕەواکانیان بە قوربانی سەلامەتی خۆیان کردبایە بە ئاسوودەیی دەمردن، دیاریشە خۆ لەناوبردن لە پێناو زەکاتی سوودی گەورە و بەردەوام چ مەوزووعیەت و بەرژەوەندخوازی ڕاستی تێدا نییە و بریتییە لە گومڕابوون و کوێربوونی زات. لەمەش پتر مەودای قسەمان ماوە بەوەدا کە بڵێین ئەگەر ئەو تەماعکارانە زاتە کوێرەکانیان بوون بە هۆی فەوتانیان، ملیۆنەها زوڵم لێکراویش لەبەر نەفسە سست وکول و ترسنۆکەکەیان بە مەزڵوومی مانەوە: دەبینی ئەو بابایەی لە ئاست دەستدرێژیی ئاغایێک دەحەپەسێ و جورئەتی بزووتنەوەی پێ نامێنێ زۆر بێباکانە و پاڵەوانانە لەگەڵ ڕووتەیێکی وەک خۆی لەسەر کەوڵە گیسکێک کە نیو دینار ناهێنێت بەشەڕ دێت و لەوانەیە بیشی کوژێت و خۆشی تێدا بچێت.

ئەم ترسنۆکییە بێسنوورە و ئەم جورئەتە بێسنوورە هیچیان فەرمانی مەوزووعیەت و بەرژەوەند نین بەڵکوو زادەی زاتی کوێرن ئیتر حەز دەکا با جنۆکە کوێری کردبێ وەیا لەسەرەتای ڕسکانیەوە کوێر

بوو‌بێت. زۆر جاران لەگەڵ خۆمدا دەڵێمەوە ئەگەر مەڕگەل بە بڕیاری سروشت تەسلیمی گورگ نەبێت، کاتێک گورگەکە تێی دەکەوێت و بەردەبێتە خنکاندنی، مەڕگەلەکە لە توانایدا هەیە دەوری بدات و بە قۆچ و بە پاڵەپەستۆ و بە هەر جۆرێک بێت فەراقی ڕەشی لێ ببڕێت بەڵام نەبوونی ورەی لەسەر خۆکردنەوە قەڵەمی دەست و پێی هەموو مەڕگەلەکە دەشکێنێت، کەچی چونکە مەڕ لە ئاست مرۆڤدا ئەو هووره‌بەرداوە نییە شەکەنێر و بەرانی خورت هەیە شەڕی کوشندە لەگەڵ مرۆڤ دەکات، ڕەنگە وەهاش بووبێت مرۆڤی کوشتبێت.

من بۆ خۆم بەو چاوانەم دیتوە، ترس وای لە خەڵقی شارێک کردوە وەک مەڕگەل بێدەسەلاتی کردوون و هیچ گیانێکی لەسەرخۆ کردنەوەی پێ نەهێشتون. مێژوو باسی جەماتێکی کاروانی سەردەمی دڕندەیی مەغۆلەکان دەکات کە چۆن یەک تاکە مەغۆلی تووشی کاروانەکە دێت و لێیان داوا دەکات لە شوێنی خۆیان بوەستن تا تیغێک پەیدا دەکات بۆ ئەوەی سەریان ببڕێت ئەوانیش هەموویان دەستەپاچە بۆی ڕادەوەستن، بەڵام یەکێکیان بە خۆی دەڵێ خۆ ئێمە هەر کوژراوین با من پێشدەستی بکەم ئیتر گاشەبەردێک لە کابرای مەغۆلی دەدات و دەیکوژێت.

لێرەدا زۆر چاک دیارە چۆن ورە بەردان مرۆڤ دەکات بە بەرد و دار، بووژانەوەی نەفسیش چۆن سەرلەبەری واقیع دەگۆڕێ. ئەم حیکایەتەی مێژوو ئەگەر ڕاستیش نەبێ هی وەک ئەو لە کات و شوێنی دیکەدا ڕووی داوە، جا ئەگەر خوێنەر لێم بپرسێت و بڵێت ئەم ڕووداوە وردیلە و کەم تەئسیرانە کەی دەشێ لێکدانەوەی فەلسەفییان لەسەر هەڵستێت و چۆن دەشێ دەلالەتی دیاردەی «کۆمەلایەتی – ئابووری» وەک خەباتی چینایەتی و ڕووداوی گەورەی جیهانی لە بیران ببەنەوە، لە وەرامدا دەڵێم هەتا نموونەی گەورەتر بهێنینەوە دەوری زاتی مرۆڤیان باشتر پێ ڕوون دەبێتەوە بە تایبەتی لەو ڕۆژگارانەدا کە جارێ ڕێک خراوی سیاسی و دامودەزگای پڕۆپاگەندە و ڕۆژنامە و ئاجانسی خەبەران پەیدا نەبووبوون کە بڕیاری حکومەتێک وەیا کۆمەڵێک لەسەر هەموو میللەت حیساب بکرێت و بگوترێ ئەوەی دەکرا بە دڵخوازی جەماهیر بوە، لەبەر ئەمە ئەگەر بادەینەوە سەر مێژوو دەبینین لەو سەردەمە کۆنانەدا جارێ گەلان لە کرانەوەی زیهن و دەروون و زاتدا نەگەیشتبوونە پلەی تێگەیشتنی هاوچوونی سوود و بەرژەوەندی «چین» لەوەش بە ئاگا نەهاتبوون کە وا ڕەنگە مومکین بێت خەباتێکی تێکڕایی «چین» بتوانێ دەستی زۆردار و چەوسێنەرەوەیان لێ کۆتا بکات، بگرە جارێ هەر لێیان ڕوون نەبوو ئایا ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا پێی دەڵێن «چەوساندنەوە» چەندی ستەمە و چەندی ڕەوایە. لەو سەردەمانەدا ژن و منداڵ بە بارمتە دانان لای خاوەن قەرز یاسا و نەریتێکی سەلمێندراو بوو، مرۆڤی دراو خریدەش زۆر بوون کەسیش لەوەدا خراپەی کارەکە و لۆمەکردنی نەدەبردەوە سەر خاوەن پارە و دەسەلاتان هەرچەند نووسەری وەک من و تۆ دوای تێپەڕینی هەزاران ساڵ بەسەر ئەو مێژوەدا دێین و درۆ بۆ خەڵقە چەوسێندراوەکە هەڵدەبەستین و بە ناڕازییان نیشان دەدەین و ناوناوە لەگەڵ دەسەلاتدارانیشیان بەشەڕ دەهێنین، مەبەسیشم لە ناڕازی بوون «نەسەلماندن و لێ بەدەنگ هاتن»ـە نەک پێ خۆش نەبوون چونکە دیارە شتێک کە خۆش نەبێت هەستی پێ خۆش بوون دروست ناکات وەک یەکێک ماری پێوە بدات وەیا پارەی لێ بزر بێت وەیا گیسک و کاوڕی بمرێت لێی چاوەڕوان ناکرێ هەڵپەڕکێ بکات بەڵام یەخەی

کەسیش ناگرێت. ئەو حاڵ و بارە نالەبارانەش کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ زوربەی مرۆڤی ناڕاحەت کردوە و خۆشیی لێ هەڵگرتوون هەر هێندەی کار تێکردوون کە هەستی تەبیعییان پێی ناخۆش بوە، وەک تامی گوژاڵ و ئێشی برین، لەوە بەولاوە بۆ هیچ بزووتنەوەیێک و ناڕەزامەندییێکی تێکڕایی نەبردوون. ئەو کەسەی ئێشی گەییشتوەتێ بە پێی هەست و پێ زانین و پلەی پێ ناخۆش بوون و دەسەڵاتی لەسەرخۆکردنەوەی پەلەکوتکەی کردوە بەڵام خەڵقی دیکە بەناوی «چین» وەیا گەل لەسەریان نەکردۆتەوە. لە خۆی و خزم و کەسی خۆی بەولاوە «بێگانە» جانفیدایی بۆ نەکردوە. تەنانەت خۆیشی چ ناڕەزایی دەرنەبڕیوە لە ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەیێکی کە بە کێش و تەرازووی «کۆمەڵایەتی»ی ئەو سەردەمانە ڕەوا دیتراوە هەوڵی تێکڕاییش لەو ڕۆژگارانەدا نەدراوە بۆ گۆڕینی یاسا و نەریت و داب و دەستووری زەحمەت بەخش. جا ئەگەر پاشایێکی دەسەڵاتدار لە خۆوە گۆڕینی تێدا کردبن ناشێ خواهشتەکەی ئەو بۆ گەل حیساب بکەین وەیا بە درێژبوونەوەی کات و گۆڕانی لەسەرەخۆی خۆڕسک گۆڕان پەیدا بووبێت، وەک کە پایز لەخۆوە دەبێتە زستان، ئەویش نە بە چاک نە بە خراپ بۆ خواز و خواهشتی گەل نابڕدرێتەوە، ناڕەزایی تاکیش لە زوڵمێکی کە ڕووی لە خۆی کردوە ناوی «ناڕەزایی تێکڕایی» هەڵناگرێت، تەنانەت ئەگەر هەموو تاکێکی گەل لە یەک کاتدا هەر یەکەیان بۆ حیسابی خۆی بەرهەڵستی زوڵمێک بکات کە لە خۆی دەکرێت هەر نابێتە هۆی ناولێنانی «ناڕەزایی تێکڕایی» چونکە هەر یەک لەو تاکانە کاتێک زوڵمە تایبەتیەکەی خۆی لەسەر هەڵستا بێدەنگ دەبێت و پەکی لەسەر خەڵقی دیکە ناکەوێت و پەندی «ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە» بەکار دەهێنێت.

خولاسە ئەوەی پێی دەڵێن «خەباتی چینایەتی» و ناڕەزامەندیی گشتی لەو سەردەمە کۆنانەدا پەیدا نەبووبوون و وەک لەمەوپێش گوتوومە دیاردەی «پەلەی ژیان» خەڵقی بزواندوە، زۆر بە درەنگەوە ئەو پەلەی ژیانە شێوەی بزووتنەوەی گشتی و خەباتی چینایەتی وەرگرت. لە گەڵ ئەم ڕاستییەشدا کە بەشی هەرە زۆری درێژایی مێژووی گرتۆتەوە ناوناوییێکی زێدە زێدە زێدە نادر وەها بوە لە هەڵکەوت و بارێکدا گەل هەڵستاوە و لە زوڵمی زۆر بێ سامان و ئامان بەدەنگ هاتوە لە شێوەیێکدا کە پێی بگوترێ بزووتنەوەی گشتی بەڵام لەم حاڵەتانەشدا بزووتنەوەکە چەند تێبینی یەکجار گرنگ هەڵدەگرێت:

یەکەم: بەشی هەرە زۆری ئەو بزووتنەوانەی جەماهیریەتی تێدا بەدی کراوە لە چارچێوەی بانگەوازی سەر بە ئایین بوە و داد و چاکەی لە گۆشەی ئایینەوە ڕەچاو کردوە.

دوەم: بزووتنەوە گشتییەکە شوێن تاکێکی بەرچاو و بەزیپک و ئازا و زۆرزان کەوتوە، لەوانە بوە ئەگەر ئەو تاکە نەبوایە بزووتنەوەکە وەخرابایە وەیا هەر لە بنەڕەتدا نەبووبایە مەگەر تاکێکی دیکەی ئازا و بەزیپک هاتبێت و کەلێنی سەرۆکایەتیەکەی پڕ کردبێتەوە، هەر جارەش کە تاکەکە لەناو چوە بزووتنەوەکە دامرکاوەتەوە.

سێیەم: ئەو جموجووڵەی کە بەرەو بێحەیایی و ڕاو و ڕووت و وێران کردن و شیرازە هەڵوەشاندنەوە بوە ناشێ لەسەر لایەنی چاکەی بزووتنەوان حیساب بکرێت؛ بە نموونە، بزووتنەوەی «مزدەک» کە لەسەر مەبدەئی دابین کردنی ئارەزۆ و شەهوەت هەڵستا نە جێی شانازییە و نە بەرەپێش بوە و نە هیچی چاتری لە جێگەی ئەو ڕێژیمە دادەنا کە ئەگەر سەرکەوتبا دەیرماند.

چوارەم: بەزۆری ئەو هەرایانە کە ڕوویان داوە دروشمی چینایەتییان تێدا بەرز نەبۆتەوە بەڵکوو هەرایێکی گشتی هەڕەمە بوە، بە ڕوونیش نەیزانیوە چی دەوێت، لە حاڵی سەرکەوتنیشیدا هەر بە بەرزبوونەوە و گەیشتنە دەسەڵاتی یەکێک یاخود چەند کەسێک کۆتایی هەراکە هاتوە، ئەو دەستە و تاقمە نوێیەش لەبەر بێ ئیرادەیی و بێ ئامادەیی زوربەی گەل سەرلەنوێ بۆتەوە بە حوکمڕانی ستەمکار و خەڵقەکەش کڕنویان بۆ بردوە.

پێنجەم: ڕووداوەکان هەرگیز بایی ئەوە ناکەن پێیان بگوترێ بزوێنەر وەیا پێک هێنەری مێژوو چونکە ژمارەیان ئەوەندە کەمە و جغزەکەشیان وەها بەرتەسکە بە ئاسانی لە نێو دەریا دەریای حاڵ و باری بێ بزووتنەوەدا نادیار دەبن و ئەگەر لە کتێبان نەیانخوێنینەوە ئاستەواریان دەبڕێتەوە. ئێمە ئەگەر بسەلمێنین کە وا ڕووداني تاکە بزووتنەوەی گشتی لە سێ صەد چوار صەد ساڵاندا، ئەویش لە یەک جێگەدا نەک لە هەموو دنیا وەیا بەشێکی زۆری دنیادا، بەسە بۆ ئەوەی خەباتی چینایەتی وەیا یاخیگەری و ناڕەزایی گشتی بە ئیسپات بگەیەنێت دەبێ بشسەلمێنین کە وا کژی باران بارین لە جێگەیێکی وەک بەغدادا فەسڵی هاوینە، چونکە لە ماوەی هەر پەنجاساڵێکدا وا دەبێ جارێکیان بە هاوین باران لە بەغدا ببارێت، بەو پێیە لە مێژووی کۆندا تاکوو جارێکیان بزووتنەوەی گشتی لە بەغدا ڕووی داوە ڕەنگە حەوت هەشت جاران هاوینە بارانی تێدا بارییبێت.

لە نەزەریەی ماددیدا فێڵێکی فکری لەوەدا دەکرێت کە پەلەی ژیان و ناڕەزامەندی تاکیش بە خەباتی چینایەتی حیساب دەکرێ کە چی بەلای منەوە و بەلای ڕاستیشەوە ئەگەر هەموو ڕۆژێ هەموو تاکی عەمەلە و کرێکار لەسەر ئەو زوڵمەی کە لە خودی خۆی دەکرێ بەدەنگ بێت هەر ناشێ بگوترێ خەباتی چینایەتیی ئەو تاکانە دەبزوێنێت چونکە بەدەنگ هاتن لەسەر سوودی شەخسی لەوانەیە لە نێوان دوو عەمەلەش ڕوو بدات وەک ئەوەی کە یەکێکیان خاکەنازی ئەوی دیکەیان بشکێنێت وەیا گیسکی فەلاحێک بچێتە ناو دەغڵی فەلاحەکەی دراوسێی خۆیەوە، تەنانەت هەموو ڕۆژێ و هەموو جاران ئەو تاکە لەگەڵ ژن و منداڵی خۆیشی هەرا دەنێتەوە لەسەر کاری نابەجێ وەیا لە فەرمان دەرچوون وەیا شت شکاندن وەیا... وەیا خەباتی چینایەتی شەقڵ و دروشم و دەقی تایبەتی خۆی هەیە کە لە پێش هەموانەوە «هەوڵی ناوکۆیی» دێت ئنجا دیاری کردنی دوشمنی گشتی، لەوەش ناپرسمەوە ئایا ئامانجی گشتی تێدا هەبێت یا نەبێت چونکە لە مێژووی کۆندا باسی ئامانجی گشتی و دەرنەزەرکردنی دەسەلات گرتنەدەست و گەییشتن بە حوکم و ئەو جۆرە ئامانجە ئەریستۆکراتانە ورینەی بەنگ کێشانە.

ئەگەر ڕاست با جەماهیر لە هەزاران ساڵەوە خەریکی خەباتە دەبوو، ئەگەر بۆ ماوەی هەزار ساڵیش هێندەی هۆش لەو خەباتەدا پێ پەیدا نەکرێ بەشی حوکمڕانی بکات خۆ لە شەش هەزار ساڵدا چ عوزری کەم تەجرەبەیی و ڕانەهاتن و کۆمەکردنی ئەو جەماهیرە بەدەست مفکری ماددییەوە نامێنێت بیکاتە بەهانەی بەردەوام بوونی ژێردەستیی میللەت و دەسەڵاتی کەمایەتیی ستەمکاران: بۆ دەبێ ئەو دەسەڵاتدارانە سەرەڕای کەم بوونی ژمارەیان و ناڕەوابوونی دەسەڵاتیان هەر لە زگی دایکیان بەربوونەوە بزانن چۆن ڕابەرایەتی و قوماندانەتی و لێخوڕی و ڕاپێچەک دان فێر بن نە مامۆستاشیان هەیە و نە لە غەیبەوەش دەست لە پشتیان دەدرێت، مەعلووم لە مریخەوەش یاریدە و ڕێنموونییان بۆ بەدیاری نایەت،

کەچی ئەو ستەم لێ کراوانەی ملیۆنەها ملیۆنەهای خەڵق پێک دەهێنن و بە مافی خۆیانەوەش خەریکن نەک بە ستەم بە هەزاران ساڵ نەتوانن فێری لەسەرخۆ کردنەوە ببن لەوە هەر بگەڕێ کە نەزانن ستەمکاران لەناو ببەن و حوکمێکی عادڵانە پێکەوە بنێن کە لە سایەیدا بحەسێنەوە. ئێمە لە زاراوەی «خەبات» بە تێکڕایی و «خەباتی چینایەتی» بە تایبەتی چاوەنۆڕی جموجووڵێکی بەردەوام و هۆشیار و ئازا دەکەین نەک هەرجارە خەریک بین بە میکرۆسکۆپی ورد ورد دێڕەکانی دەفتەری مێژوو بخوێنینەوە بەڵکوو خواوراستان لە گۆشەیێکی نابەرچاوی شڕە لاپەڕەی پەڕپووت و سپی بوویەوەدا خەبەرێکی ناڕاحەتی و شێواوی دەدۆزینەوە و بە زۆرەملێ ناوی خەباتی لێ بنێین.

لە یەکەم سەرنجدا مرۆڤ بە بیریدا دێت کە ئەگەر خەباتی چینایەتی ئەو بەردەوام و بێوچانە بێت کە نەزەریەی ماددی باسی دەکات دەبوو لە هەموو وڵاتێکدا بە چەند ساڵان جارێک ئاژاوە و شێواویی گشتی بەرپا بێت ئیتر یا سەرکەوێت یا خەفە بکرێت، بەڵام وا چاوەڕوان دەکرێت کە ئەگەر دە جارانیش خەفە کرابێت دەبێ جارێکیان سەرکەوتوو بێت هەروەها لە نێوان بیست وڵاتدا وڵاتێک خەباتەکەی بە ئامانج گەیاندبێت. ئەمە بۆچوونی سەرنجی سەرەتاییە، بەڵام کە پتر لە مەسەلەکە ورد دەبیتەوە شتێکی دیکەت بە بیردا دێت ئەویش هەر لە ڕێی هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕی ماددییەوە سەری ڕێ بە هۆشی مرۆڤ دەگرێت: ئەگەر ڕاست بێ گەلان لە توانای هۆش و گۆش و هەست و زانین و ورەیاندا بووبێت خەباتی تێکڕایی بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان بکەن دەبوو ئەو توانایە لە سەرەتای کارەوە ڕێ بە کەمایەتی زۆرداران نەدات سواری شانی زۆرینەی ئەو خاوەن هەست و هۆش و توانایانە ببن.

تاکە یەک تەعلیلی قەناعەت بەخش لەو نەزەریەدا نییە کە پێمان دەڵێ لە کۆنەوە، لە سەرەتای کۆمەڵایەتی و پەیدابوونی «چین» ـەکانەوە زوربەی ستەم لێ کراوان خەریکی خەبات بوون بۆ ڕزگارکردنی خۆیان و لەناوبردنی ستەمکارەکان بەڵام پێمان ناڵێت بۆچی وەها ڕووی دا کە بەشێکی یەکجار کەم لە نێوان گەل توانییان سواری بەشی هەرە زۆری گەل ببن. ئایا سیحر و تەڵەسم وای کرد لەو کەمانەدا هێزێکی لە عادەت بەدەر پەیدا بێت و زوربەی خەڵق بێدەسەڵات بکات، یاخود سیحرەکە میللەتی بێهێز کرد و خستنیە بەر دەسەڵات و هێرشی ئەو بەشە کەمەی سیحری لێ نەکرابوو! لە سەرەتای کاردا جارێ دامودەزگای حکومەت و پۆلیس و عەسکەر و یاسا و مانگانە و پێوەندی هەمە چەشنەی نێوان کۆمەڵ پەیدا نەبووبوو تاکوو بسەلمێنین ئەو لایەنە و کۆمەڵەی کە دامودەزگاکە و سەرۆکایەتی هێزی چەکدار و ئیستگەی ڕادیۆی گرت دەبوو بە خاوەن دەسەڵات و ڕابەر و<٨> لێخوڕ و قەمچی وەشێن و چەوسێنەرەوە، بە پێچەوانە، دەسەڵاتی کەمایەتی حوکمڕانی هەزاران ساڵ پێش ئێمرۆ کە لە نەبوونەوە ڕسکا خۆی حکومەت و ڕابەرایەتی و سەرۆکایەتی پێک هێنا، واتە لە سەرەتاوە حوکمەکە و حکومەتەکە لە مرۆڤەکەوە سەری هەڵدا نەک مرۆڤەکە بە هۆی حکومەتی حازر و بزرەوە بوو بە خاوەن هێز و دەسەڵات. ئەم قسە سەرەتاییەم کە بەر لە منیش خاوەن بیری ماددی دەری بڕیوە پێویستی بە ڕوون کردنەوە هەیە، لێرەش بەدواوە هەوڵ دەدەم بە کورتی و بە پێی باوەڕی خۆم ڕوونی بکەمەوە، ڕوون کردنەوەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

لە نووسینێکی لینین بە ناونیشانی «حکومەت و شۆڕش – State and Revolution – الحکومة و

الثورة» دەخوێنیتەوە کە دەڵێ بە پەیدابوونی «چین» ـە جوداکان و داهاتنی چەوساندنەوە لە کۆمەڵدا چینەکەی سەرەوە بۆ بەردەوام بوونی چەوساندنەوەکە و پاراستنی دەسەڵاتی خۆی حکومەتی دروست کرد و پۆلیس و عەسکەر و حەپسخانەی پێکەوەنان، رۆژێکیش کە مرۆڤ گەییشت بە پلەی بەسەرچوونی چەوساندنەوە ڕێژیمی حکومەت لە خۆوە دەپوێتەوە و دەرەوێتەوە چونکە هۆی مانەوەی، کە چەوساندنەوەیە، لەناو دەچێت. ئەم ڕایەی لینین کە بایەخی بە تاکە عامیلی ئابووری داوە و هیچی تر، تەنها لەلای خۆیەوە وەرامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە دەڵێ چۆن حکومەت پەیدا بوو، بەڵام لە وەرامەکەدا پرسیارێکی دیکە هەڵدەستێت لە نەزەریەکەی لینیندا وەرامی نییە ئەویش ئەوەیە بۆچی بەشێکی کەمی میللەت لە سەرەتاوە توانییان بەشی هەرە زۆری میللەت بچەوسێننەوە و ژێردەستی خۆیانیان بکەن.

من بەر لەوەی وەرامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ڕەخنەییێکی یەکجار بنجیم هەیە لە نەزەریەکەی لینین هی پشتگوێ خستن نییە: پەیدا بوونی حکومەت هەرگیز بەرهەمی تاکە هۆی چەوساندنەوە نییە، بگرە چەوساندنەوە لە سەرەتاوە چ دەخلێکی نەبوە لە پەیدابوونی ئەو حاڵ و بار و بەرژەوەندانەی کە وەها لە مرۆڤی هەزاران ساڵ پێش ئیمرۆ بکات ناچاری دروست کردنی حکومەت ببێت. حکومەت دانان و پەیدابوونی نووسین و پەرستن و مامڵەت و دیاردەکانی دیکەی سەرەتای پەیدابوونی «کۆمەڵایەتی» هەموویان هەنگاوی یەکجار گەورەی بەرەوپێش چوون و فرەبوونی بەرژەوەندی مرۆڤایەتین هیچیان ئەوە نین بەرهەمی تاکە هۆیەکی زۆر بەدی نێوان گەلان بن. هەروەک بەرەژوورچوونی مرۆڤایەتی «بە پێی تێفکرینی ماددی» لە پلەی مەیموونییەوە بۆ پلەی نیاندەرتالی و لەوەوە بۆ مرۆڤی تەواو و گەییشتن بە دەسەڵاتی ئاخاوتن بەند نەبوە بە عامیلی چەوساندنەوەوە «چونکە جارێ چەوساندنەوە هەر پەیدا نەبووبوو» هەروەهاش پەیدابوونی حکومەت و نووسین و ئایین و دێ و شار و سنعەت و کشتوکاڵ و هەموو ئەو دیاردە بەرەوپێش چوانە چ پێوەندییان بە «چەوساندنەوە» وە نەبوە.

لە خۆوە دیارە کۆبوونەوەی مرۆڤ لە ئاڵقەی خێزان و ئێل و دێ و شار و دانانی حکومەت و یاسا و پەیداکردنی چەک و ئامێر... و هتاد، هەموویان پێداویستی ژیانی کۆمەڵایەتی و لەسەرەخۆکردنەوە و پەلەی ژیان بوە کە ئەگەر لە پێشەوە ئەوان نەبووبان دواتر شتێک نەدەبوو پێی بڵێن چەوساندنەوە. بە نموونە دەڵێم پێک هاتنی خێزان لەسەرەتاوە فەرمانی بەرژەوەندی ژیانی مرۆڤ بوە، دواتر زەرفی وەها پەیدا بوە داوای کردوە، وەیا سەلماندوویەتی، برا ژنبەژنە بە خوشکی خۆی بکات وەیا شیربایی وەربگرێت، وەک دەشزانین لە سەرەتاوە خوشکەکە بەو حاڵە ناڕازی نەبوە چونکە حاڵەتەکە جێگرێکی دیکەی نەبوە تاکوو خوشکەکە خەیاڵ لەو جێگرە بکات و ئەوی پێ خۆشتر بێت.

تا ئێستاش عادەتی ژنبەژنە و شیربایی هەر ماوە، کچیش زۆری پێ خۆشە لە جیاتی ژنێک دوان بۆ براکەی بهێنێت وەیا شیربابییەکەی زۆر بێت چونکە لە ماڵی مێردەکەی و لە نێوان خەڵقیش پێی بە حورمەتتر دەبێت. ئنجا کە ئەمە ڕاستی مەسەلەکە بێت نابێ بزووتنەوەی ئێستاکەی مافی ئافرەتان بگێرینەوە بۆ ئەو «زوڵم» ـەی لە کۆندا لێی دەکرا: ئافرەتی بەر لە هەزار ساڵ ئەگەر داوای مافەکانی ئیمرۆکەی کردبایە و پێی درابا لە برسان دەمرد. هەڵبەت من مەدحی ئەو سەردەمانە ناکەم کە ئافرەتی تێدا دەفرۆشرا وەیا ژنبەژنەی پێ دەکرا، تەنانەت مەدحی ئەو ئازادییەش ناکەم کە لە کۆنەوە ڕێی داوە

کچ ڕەدوو بکەوێت و دواتر مەسلەتی لەسەر بکرێت: من تەنها لەگۆشەی تەفسیری نابەجێی «چەوساندنەوە»وە سەیری ئەم دیاردانە دەکەم و دەمەوێ فەرق بکەم لە نێوان زوڵمی بێفێڵ و لە نێوان ئەو شتە ڕەوایەی کە دواتر دەبێ بە زوڵم: ئەوەی بیری لە داهێنانی نووسین کردەوە هەرگیز مەبەستی ئەوە نەبوو کوتەکێکی نوێ بداتە دەستی ئەو سوودپەرستەی دەیەوێ قازانجی «ربا» لە قەرزدار وەرگرێت ئیتر بەو نووسینە بتوانێ سەنەدی کۆمپیالەی پێ ئیمزا بکات... دادگەش بۆ ئەوە نەبوە قەرزداران لە حەپسخانان بپەستێت و دەوڵەمەندان بحەسێنێتەوە، بە پێچەوانە، بە درێژایی مێژوو زۆردار دژی دادگا بوە چونکە دیارە نەمانی دادگا [هەروەهاش نەمانی فەتوای مەلا و حوکمی ئیبنولحەجەر(٩) و کتێبەکانی سەر بە قورئان و حەدیس] دەستی زۆردار دەکاتەوە بۆ ئەوەی بێترس ستەم لە بێدەسەڵاتان بکات، هەر ئەمەیشە وا لە حکومەتی ستەمکار دەکات کەوا لە پێش هەموو شتێکدا دادگایان بێ هێز و دەسەڵات بکات.

بەشی زۆر لەو قسانەی کە بە ناوی شی کردنەوەی ماددییەوە وا ڕادەنوێنێت گۆیا دادگا و هەموو دەزگایەکی میری لە وڵاتی ناسۆشیالیستدا بۆ سوودی خاوەن دەسەڵاتان داندراوە، گەلێک لە ڕاستی دوور کەوتۆتەوە و بە حاڵ دەتوانێ لەگەڵ خۆیشیدا ڕێک بکەوێت هەم لەبەر تیشکی چۆنیەتی داهاتنی یاسا و دەستووران و هەم لە ئاکامی بەگەڕهاتنی ئەو ڕێکخراوانەی کە یاساکان تەتبیق دەکەن: بەڵێ دەزانم پیاوی دەسەڵاتدار و زەنگین زۆر جاران دەتوانن دادگا بەختەتا ببەن بۆ سوودی خۆیان بەڵام مەجبوور بوونی دەسەڵاتدارەکە بۆ پارەبەخشین و بەرتیل دان وەیا هەڕەشە کردن ئەوە بە ئیسپات دەگەیەنێ کە یاساکە خۆی لە خۆیدا بەد نییە و لایەنی هەقی پاراستوە دەنا دەسەڵاتدار ناچار نەدەبوو بکەوێتە باری بەخشین و پاڕانەوە و هەڕەشە کردن، تەنانەت لەو سەردەمانەدا کە جارێ عەبدایەتی دیمەنێکی کۆمەڵایەتی بوو عەبدەکە لە یاساکان قازانجی دەکرد هەرچەند ئەو یاسایانە هەقی خاوەن عەبدەکەشیان دەپاراست، چونکە ئەگەر مەسەلەکە بۆ تاکە عامیلی دەسەڵات بەجێ هێشترابایە بێ ئەوەی یاسا مافی عەبد و خاوەن عەبد و ئازاد بوون و خۆکڕینەوە و... هتاد بپارێزێت کابرای دەسەڵاتدار پتر سوودمەند دەبوو لە چەوسانەوەی عەبدەکە و بەرهەڵستی کردن لە ئازادبوونی و هەموو سەروبەرێکی دیکەی یاسای عەبدایەتی. دەبێ بزانین ئەو لایەنە بەد و ناڕەوایانەی کە لە هەندێ ماددەکانی یاسایێکدا هەیە لە عەینی یاساکە هەڵنەقوڵیوە، بەڵکوو لە دەستووراتی کۆمەڵایەتیدا لایەنی بەد و ناڕەوا هەیە و پەڕیوەتە ناو یاساکە، خۆ ئەگەر نەشبووبا بە یاسا دەسەڵاتدارەکان دەیانتوانی بەزەبری کوتەک لەوە بەدتر بەسەر بێدەسەڵاتاندا بهێنن. بە نموونە دەڵێم کە ماددەیێکی یاسای سەر بە قەرز و سەلەم و ڕبێدە هەقی لێدانی قەرزدارەکەی دایە دەست خاوەن قەرز و ئەو هەقەی بە پێنج دار وەیا دە شەپەزللە بڕیەوە لەوەدا یاساکە گوناهی نییە بەڵکوو وەکوو ئاوێنە گوناهی کۆمەڵایەتی دەداتەوە، ڕەنگە چاکەیێکیشی هەبێ بەوەدا کە ناهێڵێ خاوەن قەرزەکە دە دار وەیا پازدە شەپەزللە لە قەرزدارەکە بدات وەیا حەبسی بکات وەیا سەری ببڕێ. بەڵام ئەگەر لایەنی چاکەی ڕووت لە یاسادا هەبوو بە هۆی یاساکە و ئەو هێزەی جێبەجێی دەکات چاکەکە دەگاتە مرۆڤی بێدەسەڵات ئەگەرنا هەژارێک ناتوانێ قەرز وەیا ڕۆژانەی کرێکاری لە زۆردارێک بستێنێ ڕەنگە نەشتوانێ لە بێگاری زۆردارەکە دەرچێت ئەگەر دادگا و پۆلیس و

حکومەتێک نەیپارێزێت. بێگومان پێویستە هەمیشە ئادەمیزاد خەریک بێت فەرمانی یاساکان بەرەو پاراستنی داد و نەهێشتنی ستەم ببات بەلاّم دەبێ فێڵ لە خۆمان نەکەین و بسەلمێنین کەوا بەهەمەحاڵ هەبوونی دادگا و یاسا بۆ بێدەسەلاّتان چاکترە لە نەبوونیان، جا ئەگەر خەیاڵبازێک بێت و بلێ یاسای قەرز وەرگرتنەوە لە قەرزدار بۆ خاوەن قەرزەکە خزمەتی دەسەلاّت و ستەم دەکات و دەبێ ئەو تەرزە یاسایە لەناودا نەمێنێ، با ئەوەندە تەکلیف لە خۆی بکات کە هۆیەکی وەها بدۆزێتەوە کابرای هەژار لە قەرز وەرگرتن بێنیاز بکات دەنا لەوانەیە جاری وەها هەبێ ئەگەر قەرز وەرنەگرێ لە برسان بمرێت.

لە ساڵانی دوای «وثبة» خوێندەواری خوێن گەرم یەخەی شوان و گاوانی کوردیان دەگرت و پێیان دەگوتن ئێوە بۆچی ڕازی دەبن شەرتی<١٠> ساڵانەتان سێ چوار دینار بێت، وەرن واز لەو کەسبە بهێنن تا شەرتەکەتان بۆ زیاد دەکەن، زۆر لەو شوان و گاوانانە بەو پەڕی خاوێنی و سافیلکەیی خۆیانەوە پێیان دەگوتنەوە جەنابی ئەفەندی تۆ پێنج دینارم بدەیێ هەتا واز لە کەسبەکەم بهێنم. لەم مەسەلەیەدا جگە لەلایەنی ناواقیعیەتی ئەو خوێندەوارانە لایەنێکی زۆر سەیری دیکە هەیە کە خوێندەوارەکان تێیدا لە کەرەواریش کەرەوارتر بوون: ئەو شەرتە کەمەی سێ چوار دیناری کە شوان و گاوانی پێ ڕازی دەبوو زۆر جاران خاوەن ئاژەڵەکان لە پەیداکردنی وەتەنگ دەهاتن چونکە بەشێک لەوان بێوەژن و هەتیوی هەناسە سارد بوون کە چەند بزنێکیان هەبوو بەحاڵ بۆیان بەخێو دەکران، لە گەلێک زستانی سەختیشدا نەیاندەتوانی تفاقیان بۆ پەیدا بکەن ئیتر یا بە هەرزان دەیانفرۆشتن وەیا لێیان مردار دەبوونەوە.

ناڕازی بوون لە یاسا و نەریت و عادەت شتێکی ئاسان و دڵخواز نییە مرۆڤ لە سەری زمانیەوە بیکاتە توهمە و لە کۆمەڵایەتی بگرێت، بێگومان ئەو تەرزە کەسە لە حاڵ و باری تایبەتی نێو ماڵ و منداڵی خۆیدا زۆر ژیرانە و هێمنانە گەلێک شتی وەها دەسەلمێنێت کە لە دەرەوەی ماڵەکەیدا زۆر بێباکانە دەیکات بە هۆی هاندان و نەڕەنەڕ کردن و خەڵق تێک بەردان، خۆی و خەڵقیش ئەو تەرزە هەروگیفە بە شۆڕشگێڕیی دادەنێن، زۆر بەداخەوە. ئێمە ئەگەر دڵمان بۆ ئەوە بچێت چاری قەرز کردن بەوە بکەین کە بە هۆی قەرزدانەوە لە بنەڕەتدا مامڵەتان مەنع بکەین، کەواتە دەبێ لە مەسەلەی ژنبەژنە و شیربایيش فەتوای مەنع کردنی خێزان پێکەوەنان و ژن هێنان و مارەبڕین بدەین تاکوو برا و خوشک لە بنەڕەتدا پەیدا نەبن نەکا خوشکەکە بە دەست براکەیەوە مەغدوور بێ، ئنجا لزومیش نەبینین جلک لای جلدروو بدرووین نەکا کابرای جلدروو خوێنمان بمژێت، باشتریش ئەوەیە فەلاحی بێدەسەلاّت ئاژەڵەکانی سەربڕێت نەکا ئاغا بیاندزێت وەیا دەستیان بەسەردا بگرێت...

ئێستا دەمەوێ لە گۆشەی باوەڕی خۆمەوە وەرامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە لە نەزەریەکەی «لینین» دەربارەی پەیدابوونی حکومەت وەرام نەبوو، ئەویش ئەوەیە بۆچی وەها ڕووی دا کە لە سەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵایەتیدا کەمایەتییەک لە خەڵق توانی دەسەلاّت بگرێتە دەست خۆی و بەسەر زوربەی خەڵقدا فەرمانڕەوا بێت و دواتریش لەو دەسەلاّتەوە ڕێکخراوی «حکومەت» پەیدا بێت:

ئەوەی ڕاستی بێ وەرام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ لە زاناکانی ئاسار و مێژوو وەربگیرێت چونکە هەرچی دیاردەی کۆمەڵایەتی کۆن هەیە، لەوانەی ئەگەر تۆماری نووسراوی ڕێک و پێکیان هەبایە تۆژینەوەی ئابووری وەیا ڕامیاری وەیا فەلسەفی تێیاندا موحتاجی دۆزینەوەکانی ئارکایۆلۆجی و

مێژوویی نەدەبوو، هەمووی دەکەوێتە ناو جغزی لێکدانەوەکانی ئاسار و بەدوا ئەودا مێژوو [ڕەنگە ڕێم هەبێ مێژوو و ئارکایۆلۆجی لە یەکدی جودا بکەمەوە وەک کە لەم وتووێژەدا دەیکەم و کردوومە] بەڵام فەلسەفەی ماددی لە بەرنامەیدا نییە چاوەنۆڕی فەتوای زاناکانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بێت بۆ ئەوەی لەوانەوە وەرامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە وا بەلای خۆیەوە لە ڕێی شی کردنەوەی ئابوورییەوە وەرامی بۆ حازر کردوون چونکە وەک دەزانین فەلسەفەی ماددی بە جۆرێک خۆی بە تەعلیلی ئابووری شریت پێچ کردوە لە ئیمکانیدا نییە هیچ پێچێکی ئەو شریتانە ئەوەندە شل بکاتەوە تەفسیر و تەعلیلی دیکەی بەبەرەوە بچێت: بە نموونە دەڵێم ئەگەر لێکدانەوەی ئارکایۆلۆجی وەهای دەرخست کە عامیلی ئایین لە فلانە سەرزەمیندا بوو بە هۆی پێک هاتنی حکومەت دەبێ فەیلەسووفی ماددی خەریک بێت یەک لە دوو کاران بکات: یا بتوانێ ئەو دەرخستنە بە درۆ بخاتەوە و هۆیەکی ئابووری بخاتە جێگەیەوە، یاخود بە هەر جۆرێک بێت دیاردە ئایینیەکە بباتەوە بۆ بنیچەیێکی ماددی.

لینین کە هات و گوتی لەسەرەتای پەیدابوونی چینە جوداکانەوە چینی سەرەوە حکومەتی دانا بۆ تاکە ئامانجی بەردەوام کردنی چەوساندنەوەی چینەکانی خوارەوە لەوەدا چ پرسی بە مێژوو و ئارکایالۆجی نەکرد بەڵکوو وەرامێکی مەیلەو مناسبیان هەبێت، بە پێچەوانە لە بیروباوەڕی قەراردادەی ئابوورییەوە تەعلیلێکی بەسەر ڕابردووی چەندین هەزار ساڵەییدا هێنا لەوێشەوە جۆگەی بۆ کێشا تا ئەو ڕۆژگارەی لە دوارۆژ ڕێکخراوی «حکومەت» لە نێو بەهەشتی بێ چەوساندنەوەدا دەتوێتەوە و دەوری بەسەر دەچێت... ئنجا کە من لەبەر تیشکی ئەم بیروباوەڕەدا خەریک بم وەرامی پرسیارەکە بدەمەوە خۆم بەناچار نازانم بگەڕێمەوە بۆ ئەو سەرچاوە مێژوویە و ئارکایۆلۆجییانەی باسی سەرەتای پەیدابوونی دەسەڵاتی خانەوادەیی و عەشیرەتی و حکومەتیمان بۆ دەگێڕنەوە هەرچەند لە دەربڕینی بیروڕاکانمدا هەمیشە گۆشەیێکی چاوی زەینی خۆم دەبڕمە ئەو سەرچاوانە، ناشیەتە بیرم شتێکی وەهام لێ دیتبێ لەگەڵ لێکدانەوەی بێمەبەستی تایبەتی ڕێک نەکەوێت.

بەلامەوە هێندەی بەڵگەنەویست ڕوون و ئاشکرایە، پەیدابوونی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لە کۆمەڵگەی مرۆڤی سەرەتاکانی یەک گرتنی ئاپۆرەیی لە شێوەی خێزان و لە ئاڵقەی فرەوانتردا بە فەرمانی پێویستی ناچاری ڕووی داوە بێ ئەوەی جارێ نیازی چەوساندنەوە هیچ دەخڵێکی لەو سەرۆکایەتیە و دەسەڵاتەدا هەبووبێت. دەرکەوتنی «سەرۆک» لە نێوان ئەو کۆمەڵگانەی بەر لە دەیان هەزار ساڵ کەوتنە باری ئەوەی بەیەکەوە ژیان ببەنە سەر بە پلان و فێڵبازی و تۆقاندن و هەڕەشە نەبوە بەڵکوو وەک خۆڕسک بووبێت وەها دەستی کردوە بە دەرکەوتن و پەیدا بوون، ئەمەش لە دوو هۆی زۆر بنجییەوە خۆی بەسەر شیرازەی ئەو کۆمەڵگانەدا دابڕیوە:

هۆی یەکەم پێداویستی سوودی گشتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ بوونی ڕێکی و یەکیەتیی تەقەلا و هاریکاری و چالاکی و ئەو جۆرە شتانەی تێری و سەلامەتی و بەردەوامی کۆمەڵگەکەیان پێوە بەندە، دیارە مومکینیش نییە لە خۆوە و بێ ڕابەر و فەرمانده، ڕێکی و هاریکاری و... هتاد بووبێتنە پێڕەو و یاسا. لەبەر ئەمە بە شێوەیەکی یەکجار ئاسایی هاندەری پەلەی ژیان پاڵ بە کۆمەڵگەوە دەنێت ڕازی بێ بە بوونی ڕابەر و فەرمانده. هیچ بەلاتەوە سەیر نەبێ کە لە کۆنە حیکایەتان دەبیەیت پێداویستی

بەرژەوەندی گشتی وەهای دەکرد خەڵقی شار «بازی دەوڵەت» هەڵدەن تا ئەو کەسەی بازەکە بەسەریەوە بنیشێتەوە بیکەن بە پاشای خۆیان. چەندین پەندی پێشینیان بێ مامۆستا و بێ هیچ مەبەستی ڕامیاری و ئابووری و فێڵ لە خەڵق کردن هەبوونی سەرۆکی بە پێویست و ناچاری و بەرژەوەند داناوە، وەک کە دەڵێ «لووت لە بەیندا نەبێ چاو چاو دەخوا». شوکری فەزلی دەڵێ:

قەومی بێ سەر نییە ئیمرۆ لە هەموو عالەمدا

دەتەوێ تاجی سەرێ بی بە هەوا گێژی نەکەی

تەنانەت تا ئێستاکەش لە نێوان دروێنەکەراندا زاراوەی «سەرپاڵە» هەرماوە. لە سەرەتاکانی پەیدابوونی کۆمەڵایەتیشەوە جارێ نە پارە هەبوو نە تەماع سەری هەڵدابوو نە تیجارەت و بانک و ئۆتێل و... هتاد هەبوون لیکی مرۆڤ بهێننە خوارەوە و خەریکی دەردەست کردن و پێ گەیشتنیان بێت و خەڵقیان بۆ بچەوسێنێتەوە. ئێمە ئەگەر سەیرمان لەوە بێتەوە کەوا دانیشتوانی دارستان و ئەشکەفتان بەر لە هەزاران ساڵ بۆ پاراستنی خۆیان لە خەتەری مردن و خوران یەکێک بە ڕێک خەر و فەرماندە قبوڵ بکەن، دەبێ هەر بە جارێک بحەپەسێین لەوەی کە کۆمەڵگەکانی ئەم سەردەمە لە هەموو مەیدانێکی گرنگ و خوێریلەی ژیاندا سەرۆکیان هەیە، واوەتری سەرۆک بەردەستی سەرۆک و سکرتێر و ئەندامی کارگێڕی و پلەی خوار و ژوورتری دەسەڵاتیشیان هەیە کەسیش سەیری نایەتەوە بەڵکوو سەیریان لە وەها نەبوونی کۆمەڵگە دێتەوە. خۆ ئەگەر لە ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبی و لەشکری بگەڕێین و یەخەی ئەو چڵە بچووکەی درەختی کۆمەڵایەتی بین کە پێی دەڵێن «خێزان» دەبینین لەوێشدا کە هیچ جێی فکرەی چەوساندنەوەی تێدا نابێتەوە یەکێک هەیە دەسەڵاتی ڕێک خستن و سزادان و فەرمانانی هەبێ، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەی چاوەڕوانی دەسەڵاتی لێ دەکرێ سەرکزەڵە بوو بەزۆری ژنەکەی جێگەی دەگرێتەوە.

بەکورتی ئەم دەسەڵاتە بەرچاوەی کە هێزی ڕێک خستنی پێیە لە سەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵایەتییەوە هەبوە و تا ئێستاش بەردەوامە هەبوونەکەشی پێداویستی ژیانی کۆمەڵ بوە نەک دژی بەرژەوەندی، جا ئەگەر ئەوسا وەیا دواتر لە پێناوی کاری بەد وەیا سوودی بەرتەسکی شەخسی وەیا دژی کۆمەڵ بەکار هاتبێت نە لە سەرەتاوە بە خراپەی گەل پەیدا بوە نە دواتریش هەمیشەکات و لە هەموو جێگەیەک هەر بەد بوە، تەنانەت کە ڕووی لە خراپەش کردوە لەوە نەشۆراوە کە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی پێویستە بۆ گەل بەڵکوو گۆڕینی وەیا چاک کردنی بۆتە پێویست...

هۆی دووەمی پەیدابوونی دەسەڵاتی ڕێک خستن و فەرماندەیی لەوەوە هاتوە کەوا تاکەکانی مرۆڤ بە پێی بڕیاری سروشتی زاوزێ و بەخێوبوون و نما کردن... گەورە و گچکە و بەهێز و بێهێز و هۆشیار و کەمهۆش و فێڵباز و سافیلکە و چەندین پلەی خوار و ژووری لێهاتوویان هەیە کە ئەگەر وەک بەرد و دار بخرێنە ناو تەرازووی هەڵسەنگاندنی قابیلیەتەوە لە خۆوە یەکێکیان قورستر و یەکێکیان سووکتر هەڵدەستێتەوە، جا ئەگەر هەرا لە نێوانیاندا پەیدا بێ لە پێشەوە دیارە کێ دەیباتەوە، خۆ ئەگەر بە دۆستایەتیش ڕابوێرن دیسانەوە دیارە کامیان سەرووی کامیان دەکەوێتەوە، ئەوەی بشیەوێ ئەو تەرزە

سەرەژوور چوونەی تاکی خاوەن هێزی ماددی وەیا مەعنەوی بەر لە هەزاران هەزار ساڵ بداتەوە بە تاکە هۆی ئارەزۆی چەوساندنەوە و ستەم کردن با بە خۆی بڵێتەوە ئایا تاقمی سەرۆکە سیاسییەکانی ئەم رۆژگارەمان کە لە مەیدانی مرۆڤدۆستیدا یەکتر دەخنکێن و بەسەر کەلەشی یەکتردا خۆیان دەگەیەننە تەختی حوکمڕانی چەند پلە ژووروی چەوساندنەوە و ستەم کەوتوونەوە و چ جۆرە گیانێکی مرۆڤایەتی و خۆنەویستی بەردەوامی حوکمڕانییان دەکات!!! ئەم پرسیارە دەکەم بۆ ئەوەی رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانمان کە بە ڕاست یا بە هەڵە ماکی چەوساندنەوە لە سەرەتای پێک هاتنی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی و حکومەتی بەر لە هەزاران ساڵدا دەدۆزنەوە و دەستی حەسرەت بۆ ستەم لێ کراوەکانی لێرە بە پێشەوە دەگەزن چاوێکی بەراورد کردن لە نێوان کۆن و نوێدا هەڵێن و ببین:

١- ستەمێک لە کۆندا کرابێت ناشێ ببێتە ڕووسپی کەرەوەی ستەمکاری [نوێخواز و مرۆڤنەواز!!!] ی ئەم رۆژگارە.

٢- ئەو سەرۆکە شۆڕشگێڕەی زوڵمی لێرە بەپێشەوە دەکاتە بنیشتۆکەی ناو زاران و ڕیسوا و ناوزڕاوی دەکات گەلێک پتر لە زاڵمێکی بەر لە سێ هەزار ساڵ بێویژدانتر و ستەمکارتر و بێ عوزر و بەهانەتر دەبێ کە برادەری خۆی خەفە دەکات بۆ تاکە مەبەستی بەردەوام بوون لە سەر عەرشی حوکمڕانی.

٣- رۆشنبیری سەردەمی بیستەم سەدەی بیستەم دەمچەوتتر دەردەچێت لە ستەم سەلماندووی پێش سۆمەر و ئاکاد، کە هات و چاوی لە زوڵمی سەرۆکەکەی خۆی پۆشی، بە جارێکیش لە مرۆڤایەتی دەکەوێت ئەگەر خۆی دایە پاڵ بەرەی ستەمکار دژی ئەو گیان ئازادانەی لە سەر ئازادی دەکەنەوە...

خولاسە لە کۆنی هەرە کۆنەوە کۆبوونەوەی بەرژەوەندی گەل لەگەڵ بەرچاوی و توانای تاکی هەڵکەوتوو وەهای کردوە سەرۆک و پێشڕۆ و فەرماندە پەیدا ببن کە ئەگەر پەیدا نەبووبان کۆمەڵ زەرەری دەکرد پتر لەوەی تاک بە لەدەستدانی دەسەڵات زەرەر دەکات.

ئەم سەرۆکایەتییە ناچارییە کە لە دەمی پەیدابوونی خێزانەوە بوو بە پێویستی کۆمەڵایەتیی دواتریش کە جغزی «خێزان» لەبەریەک کێشراوە بۆ ئێل و عەشرەت هەر پێویست بوو بەڵام پتر لە جاران چونکە لەم قۆناغەدا فەرمانی سەر شانی سەرۆکەکە زیادی کرد بە زیاد بوونی باڕستی ئەو بەرژەوەندەی کە ئێل تەمسیلی دەکات بەرانبەر بەرژەوەندی تاکە خێزان. هەڵبەت نابێ ڕق هەڵگرتوش بین لەوەدا کە سەرۆکی ئێل پتر پێویستی بە بەردەست و خزمەتکار و وڵاغ و باربەر و مەڕ و ماڵ و کەرستەی پێشەوایی هەیە لە سەرۆکی خێزان چونکە دیارە ئەرکی سەرۆکی ئێل بە دامودەزگای ناو خێزانێک هەڵناستێ. لەو پلە یەکجار کۆن و سەرەتاییەی پەیدابوونی ژیانی کۆمەڵایەتی عەشرەتدا جارێ چەوساندنەوە پەیدا نەبووبوو، تەنانەت وێنەیێکی ئەو ژیانە مەیلەو سافیلکەیەی کە هەلی بیرکردنەوەی زوڵم کردنی لەبەر هەنگاوی سەرۆکدا نەخولقاندبوو تا ئێستاکەش هەر بەرچاوە بە تایبەتی لە نێوان ئێلی کۆچەردا کە وا هەمووی لە بارێکدا دەژیت دەڵێی خێزانەکان لە ئێلەکەدا کوڕانی دایک و باوکێکی زۆر ئەولادن کە هەر یەکەیان خێزانی خۆی پێک هێناوە.

وادەزانم بیرکەرەوەییێکی وەکوو «ئەنگلز» پتر لە واقیع، ئەو ئێلە کۆنانەی بە بێشکەی خاوێنی داناوە

چونکە وەک لە قسەکانی دەردەکەوێت لە بارێکی وەها جەوانمەردی و بێ فەرقی و بێ جوداوازییان دادەنێت کە وا ڕەنگە بە زەحمەت لە نێوان خوشک و برایانیشدا پەیدا ببێت. بەڵام وا دەزانم میقدارێکی پتر لە واقیع بەدی و چەوساندنەوە و ستەم دەداتەوە بەو پلەیەی کە ئێلەکان تێیدا گەییشتن بە نیشتەجێ بوون و کێڵان و چاندن چونکە ئەو نیشتەجێ بوونە نە یەکسەر دەکێشێتەوە سەر چەوساندنەوەی دڕندانە، نە لە هەموو وڵاتانیش هەمان ڕێبازی دڕندە دەگرێتە بەر.

لە وڵاتێکی دواکەوتووی بێ دەرامەد و بێ «سەرمایە» و بێ بورجوازیەتی وەکوو بەشی زۆری کوردستاندا ئەو پێوەندییە سەرەتاییە سافیلکەی کۆنینەی نێوان ڕەوەند و کۆچەران بۆ ماوەیێکی گەلێک دوور و درێژ دوای نیشتەجێ بوون بەردەوام دەبێت چونکە پێوەندی کۆچەرایەتی لە وێنەی پێوەندی عەشرەتایەتی بەدەر دەداتەوە و سەرۆک عەشرەتەکە و کوێخاکان و قسە ڕۆیشتوەکانی عەشرەت بە خزم و کەسی ئاپۆرەی خەڵقەکە لە قەڵەم دەدرێن تەنانەت بە فەلاحی نیشتەجێی ئەو عەشرەتانە ناگوترێ «مسکێن» هەروەک بە ئەندامانی خێزان ناگوترێ بەردەست و خزمەتکار و چەتیم. کوردستانی خۆمان لەم شێوە کۆمەڵایەتیانەی زۆر تێدا مابوو تا ئەو دواییەی کە یاساکانی سەر بە زەویسازی گۆڕان و شێوەی حکومەتانیش بەرەو مۆدیلی تازە بوونەوە و گەلێ باری دیکەی شارستانەتیش پتر ترنجایە نێوان دانیشتووی گوندەکان، بەڵام تا ئێستاش ئەم گیانە هەر ماوە و لە هەموو شوێنێکدا بە تەواوی بەسەر نەچوە.

بەهەمەحاڵ گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێوەندی گەورە و چووکەیی لە ژیانی دەشت و دەردا بەندە بەو کاریگەرانەی بیروباوەڕ و بۆچوون و قەناعەت و زات و دڵ و لایەنەکانی مرۆڤایەتی بەچاک و خراپیانەوە بەرەژوور وەیا بەرەژێر دەبەن، لە هەموو حاڵانیشدا دروشم و شێوەیێکی کۆنینەی پێوەندی خزم دۆستانەی ژیانی کۆچەری و عەشرەتایەتی دەمێنێت تا ئەو کاتەی گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی دەگاتە پلەیێک کە ئیتر ئەو تەرزە پێوەندییە بە خۆیەوە ناگرێت، لەوەشدا فەرق نییە ئاخۆ ئەو گۆڕانە بە هۆی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵایەتیەکەوە بێت وەیا بە هۆی دەرزدان و هاندان و فێرکردن و ڕق هەڵستاندنەوە بێت چونکە مەرجی ڕازی نەبوون و یاخیگەری لە نێوان خەڵقدا بڕیاری زاتەکەیانە.

ئەم قسانەی دواییم لە شریتەی باسی بەرەوپێش چوونی ژیانی سەرەتایی مرۆڤ لە پلەی پێوەندی خێزانییەوە بۆ بەرەو فرەوانتری دوورخستمەوە، با بۆی بگەڕێمەوە:

وەک دەزانیت و دەزانم لەگەڵ فراژی بوونی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی چالاکییەکانی و زۆربوونی ئەژماری خەلق و هەمەچەشنە بوونی بەرژەوەند و چاکە و خراپە و کەڵەکە کردنی تەجرەبە و تەشەنەکردنی داخوازیی گوزەران [باسی لایەنی پەیدابوونی «عقیدە – دین» ناکەم مەگەر لە جێگەی یەکجار ناچاری و پێویستدا] و داهاتنی چەندین شتی ماددی و مەعنەوی، کۆمەڵگەی لادێ وردە وردە بەرەو بارستی شار بۆوە و لەو شوێنانەدا کە دەوروبەر لەبارتر بوو، لێرە و لەوێ، شار پەیدا بوون، هەر لەو ماوەیەشدا پێبەپێی تێ هەڵکشینی تێکڕای کۆمەڵایەتی، پێویست بۆ دەسەڵاتێکی ڕێکتر و ژیرتر و فرەوانتر لە هی سەرۆکایەتی ئێل داهاتنی حکومەتی سەپاند، لەوەشدا هەرچەند چەوساندنەوە خۆی بەرهەست کردبێ حیسابی پەیدابوونی حکومەت ناگەڕێتەوە بۆ تاکە هۆی چەوساندنەوە چونکە هەروەک

دەسەڵاتی سەرەک خێزان و سەرەک عەشرەت لە بەرژەوەند و پێداویستی ژیان هەڵستاوە با نەختێکیشی دەستدرێژی و ناڕەوایی تێدا بوویێت هەروەهاش پەیدابوونی حکومەت بە فەرمانی بەرەوپێش چوونی باری تێکڕای کۆمەڵایەتی بوە، واتە لە هەناوی بەرژەوەند و پێداویست ڕسکاوە نەک لە منداڵدانی خونخۆری و خەفەکردن هەرچەند دەسەڵاتداری حکومەت زوڵمیشی کردبێ وەیا لەئاکامی دەسەڵاتدار بوون خەڵقیشی چەوساندبێتەوە چونکە ئەو شتەی چاک بوون و خراپ بوونی حکومەتەکە نیشان دەدات هەبوون و نەبوونی حکومەتە نەک بە مەرج گرتنی هەبوونی چاکە و نەبوونی خراپە تێیدا: ئێمە ئەگەر ئەمە بکەینە «مەرج» دەبێ هەموو حکومەتی ئەم سەردەمەش بە خراپ لەقەڵەم بدەین و لە ناویان ببەین هەروەهاش هەموو ڕێکخراوەکان و ڕشتە کۆمەڵایەتیەکان تا دەگاتە تاکی مرۆڤ چونکە سەرلەبەریان خراپەیان تێدایە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر باوەڕمان هێنا بەوەی کە «چەوساندنەوە» و خوێنمژی لە سەرەتاوە تاکە هۆی پەیدابوونی حکومەت بوە، دوودڵی پێ ناوێ لەوەدا کە بڵێین خۆزی حکومەت هەرگیز پەیدا نەدەبوو وەک کە دەڵێین خۆزی گورگ و بلەرزە و چاوئێشە و دەردی کانسەر و عەبدایەتی و شەڕ ... هەرگیز نەبوونایە.

وەک دەبینی پەرەسەندنی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لە خێزانەوە بۆ ئێل و لەوەوە بۆ شێوە فیۆدالی و لەوەوە بۆ حکومەت بە پێی داخوازیی بەرژەوەند و پێداویستی بەرەوپێش چوون هاتە دی هەرچەند زوڵمیشی تێکەڵ بوە: ئا لە داهاتنی حکومەتیشدا لێهاتوویی و ئازایی و زیرەکی و خەسڵەتەکانی دیکەی سەرۆکایەتی دەوری دیتوە چ لە دەستەی سەرووی دەسەڵاتداران بێت و چ لەو تاکە بێت کە لە هەموان ژووروو کەوتۆتەوە.

ئەمەیە ڕاستی مەسەلەی پەیدابوونی حکومەت، هەر ئەمەشە دۆزینەوەکانی ئارکایۆلۆجی و تۆژینەوەکانی مێژوویی دەری دەخەن. وسکتبوونی بیرکەرەوەکانی ماددیش لەم ڕاستییە لەوەوە دێت کەوا ڕاستی مەسەلە لەگەڵ کاریگەربوونی تاکە هۆی ئابووری، لە ئابووریشدا لەگەڵ تاکە دیاردەی چەوساندنەوە ڕێک ناکەوێت کە ئەم ڕێک کەوتنەش نەبوو بەشێکی هان دان و تین و تەوژمی شەڕی نێوان چینەکان دادەمرکێتەوە، چونکە لەوەوە کەم و زۆر جۆرە ڕەوابوونێکی مێژوویی لە پەیدابوونی «چین» جێگەی فکرەی زۆر ناڕەوای «چەوساندنەوە» دەگرێتەوە: بێگومان کە بابایێکی پرۆلیتاریایی بزانێت لە کۆنەوە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی بڕیاری هەبوونی سەرۆک و ڕابەری داوە نەک خوێنمژی، زۆر بە سێنایی دڵ و دەروونی ناچێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە کوشتن و لەناوبردنی سەرۆک و دەسەڵاتدارەکانی ئەم ڕۆژگارە کە میراتگری دەسەڵاتی کۆنینە و مێژوویین هەروا بێ لێکدانەوە کارێکی ڕەوایە و خۆ تێدا شەهید کردن و بەخت کردن دەهێنێت.

بەهەمەحاڵ هان دانی هەژاران بەرەو شۆڕشگێڕایەتی بێسنوور پتر لە ڕەوانەبوونی دەسەڵاتی سەرلەبەری قۆناغەکانی پێش سۆشیالیزمدا هەیە، بە نموونە دەڵێم دینی ئیسلام لە مەیدانی خۆیدا نەیگوت خوا نەناسین لە هەموو بارێکدا هەر ناڕەوایە بەڵکوو ناڕەوابوونەکەی بەستەوە بە هاتنی پێغەمبەران و بەردەوام بوونی خەڵقەکە لەسەر خودا نەپرستن «وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِين حتّى نبعَثَ رسولا» هەر بۆیەش بوو دواتر کە دەسەڵاتی گرتە دەست ڕازی بوو بەوەی هەموو دینە ئاسمانیەکان لە سێبەری

ئیسلامدا بەرانبەر بە «جزیة» دان بەردەوام بن چونکە دانی بەوەدا دەهێنا کە وا کاتی خۆی لە داهاتنیاندا «ڕەوابوون» هەبوە، کەچی وەک دەزانین فەلسەفەی ماتیریالیزم کە دەسەڵاتی گرتە دەست ڕازی نییە غەیری خۆی یەک دەقیقە نەفەس هەڵێنێت.

لەم نمایشتەی پەیدابوونی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی و سەرگەیاندنی دەسەڵاتەکەش بە ڕێکخراوی «حکومەت» دەوری «زات» ی مرۆڤ لە سەرلەبەری گۆڕان و بەرەوپێش چوونەکەدا نەک هەر کاریگەرە بنجییەکەیە بەڵکوو تاکە کاریگەرە، چونکە وێڕای لایەنی خەسڵەتەکانی لێهاتوویی و هێز و ڕابەرایەتی لە سەرۆکە کۆنەکاندا کە هەمووی هەر زەنەی زاتە، لایەنی بەرژەوەندیش کە داخوازی هەبوونی سەرۆک و ڕابەری کردوە ئەویش هەر دەگەڕێتەوە بۆ «زات» بەڵام لەمەیاندا زاتی تێکڕای تاکەکان بە سەرۆکەکان و ژێردەستەکانەوە بەرژەوەندیان لە هەبوونی سەرۆکدا دیتوە بۆیەیە بە ئاسانی و بێ شەڕ و هەرا پەیدا بوە. هەر بۆیەشە لە هەموو مێژووی کۆندا بەدەگمەن نەبێ بزووتنەوەی گشتی دژی چینی دەسەڵاتدار کە حکومەتی پێک هێناوە بەرپا نەبوە، خۆ ئەگەر دەسەڵاتدارەکە لە ڕادەبەدەر ستەمی نەکردبایە باوەڕ دەکەم کەمتریش بزووتنەوەی گشتی بەرپا دەبوو. لەو کەمتاکورتە بزووتنەوانەشدا، دیسانەوە وەک گوتم، دەوری «زات» ی سەرۆکی بزووتنەوەکان بە قەدەر هەموو بزووتنەوەکە کاریگەر بوە و هەرجارەش کە تێیدا سەرکەوتوو بوە خۆی بۆتە میراتگری دەسەڵاتی لە خۆی بەپێشەوە و وەک ئەوی کردوە.

کە بێین و لەلایەنی ئابوورییەوە بەرەو هەرا زلەکانی مێژوو بڕۆین کە شەڕ و ئاژاوەی نێوان میللەتان دەگرێتەوە، لەوێدا دەوری «زات» پتر لە چاوان دەچەقێ چونکە جگە لەوەی کە وا بەزۆری لە مێژوودا شەڕ و هەرای زل بە خواهشتی سەرۆکەکان بوە بێ ئەوەی چینە بەردەستەکان هیچ ڕا و ڕاوێژێکیان تێدا هەبووبێت، سەرۆکەکانیش گەلێک جار بێ ئەوەی سوودی ماددییان مەبەست بووبێت، ڕقێکی شەخسی وەیا مەیلی بەخۆنازین و غەیر نزم کردنەوە، تەنانەت وەها بوە دەماری شێتایەتی و نەخۆشی نەفسی بەرەو شەڕی قورسی لێ خوڕیون ئیتر یا مەیلە ڕیزپەڕەکەیان بە سەرکەوتن کۆتایی بە هەراکە هێناوە وەیا کۆتایی بە خۆیان هێناوە.

تۆ سەرنج بگرە لەو وێرانکارییەی کە بە عادەت دوای سەرکەوتنی لایەنێک لە وڵاتی لایەنی ژێرکەوتوودا کراوە دەبینیت چالاکیەکی وەها بەکار هاتوە هەرگیز لە بنیات نان و تەعمیر کردندا نەدیتراوە بەشێکی زۆری ئەو وێران کارییەش لە مەیلی نەفسە گومڕاکان بەولاوەی تێدا نەبوە. گەلێک جار نەفسی عەسکرەکانی لەشکری سەرکەوتوو لە وێران کردن و کوشتن و سووتاندندا ئەو حاڵەتەیان بەسەردا دێت کە بەسەر سۆفی حاڵ گرتوودا دێت ئیتر ئەوانیش وەک ئەو سۆفییە دەکەونە جەزبەوە بەڵام جەزبەی دڕندەیی بێسنوور و بێئامانج، وەک ئەو گورگەی دەکەوێتە نێوان گەلە و سەد جار لە پێویست زیاد دەکوژێت و دەخنکێنێت... لە سەربازی سەرکەوتووی بەر لە سەد ساڵ دەگێڕنەوە گوتوەتی کە وا لە ماڵی «دین دوشمنەکەی» منداڵی نێو بێشکەی فەساد کردوە ئنجا کوشتوەتی.

من ڕێم نییە بەدوا نیشان دانی ئەو هەموو وێنانە بکەوم لە مێژووی کۆن و نوێدا کە هەموویان دەوری زاتی مرۆڤ لە ڕووداو و هەڵکەوت و کاری بەد و چاکدا نیشان دەدەن چونکە ئەمە کارێکە کۆتایی نایەت، لێرەدا بەوە ڕێگە کورت دەکەمەوە کە بڵێم ڕەوشت و ڕەفتاری خۆت بکە بە ئاوێنەی واقعی کۆن و نوێ و

لێی ورد بەوە و بزانە لە چەند هەڵوەستی ڕۆژانەتدا بە پێی مەیلی نەفسەکەت ڕەفتار دەکەیت و چۆن خۆش ویستن و ڕق لێ بوونەوە و ترسان و پێ وێران دەتبزێوێ بێ ئەوەی جارێ بەرژەوەندی ڕاستەقینەت بەخەبەر هاتبێت، خۆ ئەوەی ڕاستی بێ بەشی هەرە زۆری بزووتنەوە و ڕەفتاری گەنجی بێ خێزان چ پێوەندی بە سوود و بەرژەوەندەوە نییە و هەمووی بڕیاری نەفسە ناکامەکە و کاڵەکەیەتی هەرچەند بشیەوێ خۆی ئیقناع بکات بەوەی کە ئەویش وەک مرۆڤی خاوەن ئەرک و فەرمان بابایەکی مەوزووعی دوور لە عاتیفەیە. ئەو گەنجە پڕ تەوژم و تین و تاوەی کە بە دوا گڕی زاتی خۆی کەوتوە و وا دەزانێ خەریکی پێک هێنانی سوود و بەرژەوەندی گشتییە، دوای بەسەرچوونی دەمی هەڵپە و کڵپەی زاتە شلک و تازەکەی هۆش و گۆشی بەخەبەر دێت و تێ دەگا چەند گومڕا و زات کوێر بوە ئەوساش یا پەشیمان دەبێتەوە و بە دڵ شکستەیی ڕێگایەکی پێچەوانە دەگرێتە بەر یاخود هەر لە ژێر باری نەفسەکەیدا دەمێنێتەوە و بۆ داپۆشینی هەڵەی زەمانی گەنجایەتی پتر لە جاران خوێنگەرمی و تیژڕۆیی دەنوێنێ، واش دەبێ لە گێژی نەفسە بەسەهووچوەکەی دەردەچێت و دەکەوێتە باری ڕەفتاری ڕێک و پێک.

نەختێک هەڵوەست لە ئاست ئەم تێبینیەی تازە کردم، بۆت ڕوون دەکاتەوە کە وا مەسەلەی بەهەڵەداچوونی نەفسی گەنجەکانی ئەم ڕۆژگارە یەکێکە لە کاریگەرەکانی چەرخ و مەنگەنەی کۆمەڵایەتیمان چونکە ژمارەی ئەو گەنجانە خەریکە پتر دەبێ لە ژمارەی عەمەلە و کاسبکار و ئەو خەڵقەی بەرژەوەندێکی ماددییان بەدەستەوەیە و ئەرکی خێزانیان بەسەرەوەیە. دیارە گەنجی بێ ماڵ و حاڵ و ئەرکی گوزەران و بەڕێوەچوونیش بە زڕە تەئویلان نەبێت نابردرێتەوە بۆ مەوزووعیەت ئیتر لەو عومرە شلکە و لەو بێ مەسئولیەتیە و لەو تەوژمی عاتیفە و لەو مەیدان بەر فرەوانیەی ژیانی تێکەڵ و پڕ شەهوەتەدا دەبێ ملیۆنەها گەنجی جەمبوورە بەستووی قوتابخانە و کۆلیجەکان چیان بە دڵدا بێت و چۆن ئارەزۆی نەفس دەخەنە بەرگی گەلپەروەری و بەرژەوەندی گشتی و پرۆلیتاریادۆستی و دژایەتی ستەم، هەروەهاش چەند بە ئاسانی لەوانەن لەلایەن زمانلووس و عەوام خەڵەتێنانەوە بۆ مەبەستی ناڕەوا بەکار بهێندرێن و خۆ کوژیشیان پێ بکرێت. بەڕاستی مەسەلەی ئەو گەنجانە کە بەرهەمی ژین و ژیاری ئەم ڕۆژگارەن و زۆر جارانیش پتر لەوەی پێی دەگوترێ «چین» چالاک و کاریگەرن، لە نەزەریەی خاوەن فکرەکانی لێرە بەپێشەوەدا حیسابێکی بۆ نەکراوە هەروەک هیچ حیسابێک لەو نەزەریانەدا بۆ دەوری هێزی چەکداری نێوان عالەمی سێیەم نەکراوە چونکە هیچ کامێک لەوانە بە بیری خاوەن نەزەریەکاندا نەدەهات تاکوو لە بزووتنەوەی مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا تێ بخوێندرێنەوە. لایەنێکی مەیلەو حیساب نادیاریش لەو گەنجانە و لەو سپایانەدا ئەوەیە ناشێ سیفەتی چینایەتییان بەسەردا بهێندرێت چونکە وەک دەغڵی هەڕەمە لە هەموو چینەکانیان تێدایە، گەنجەکانیش بەوەدا لە سپاکان جودا دەبنەوە کە لەواندا کیژان بەشدارن سپاکانیش هەموو هەر پیاون مەگەر لە هەزاری یەکێکی ژن بێت.

پوختەی قسە و لێکدانەوە ئەوەیە کە بە هەر لایەکدا مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و مێژوو و بەرەوپێش چوون و بەرەودوا بوونەوە و باوەڕ و ئایین و بزووتنەوە و وەستان و هەرچی سەر بە ئادەمیزاد هەیە هەڵگێڕیەوە هەر دەگەی بەوەی تا ئێستا لەم نووسینەدا پێی گەییشتوین ئەویش کاریگەربوونی زات و کارتێکرانی ماددەیە لەو ڕووەوە کە مرۆڤ خەلقندەیێکی زاتییە و هەرچی مەوزووعیەتێکی لێشی بەدی

بکرێت هەر لە ڕێی تێکەڵ بوونی زاتی لەگەڵ دەوروبەردا پەیدا بوە و دەبێت، لەوەش بەولاوە بیرکەرەوەی ماددی چ هەقێکی بەدەستەوە نییە مەترسی «دوانەتی» زەللە بە فکری بکات و دەوری یەکەمینایەتی و ڕابەرایەتی و کاریگەرایەتی پێ لە مرۆڤ بستێنێتەوە بۆ ماددەی مردوو و دەوروبەری بێ هەست و ئاگا.

چی لەم ڕووپەڕانەدا لە بارەی ئەم ترسەی دوانەتییەوە نووسیومە شتێکە لە بۆچوونی خۆمەوە پێی گەییشتوم نەک لە دان هێنانی نووسەرانی ماددی بەو ترسە، بەڵام وا دەزانم بۆچوونەکەم بێ بنج و بنگە نییە چونکە ئەگەر ئەوەی گوتوومە لێم بسەلمێندرێ، لەگەڵ هەڵوەست و قسە و لێکدانەوە و شی کردنەوە و نیگای مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەو نووسەرە ماددییانەدا جووت دەڕوات و تەفسیریان بەدەستەوە دەدات: بۆ تاقی کردنەوەی ئەم قسەیەی تازە کردم، شی کردنەوەیێکی ماددی لەوانەی بە عادەت مرۆڤ دەیەخنە دوای هۆیە ماددییەکانەوە بەم بیروباوەڕەم بگرە و عامیلی ترسی دوانەتی لەو شی کردنەوەیەدا بەدەنگ بهێنە و تێ بفکرە کابرای خاوەن نووسینەکە چەند جاران بەسەر مرۆڤدا تێ دەپەڕێت و حیسابێک بۆ خواهشتی سەربەخۆی ناکات چ بە ڕازی بوون لە شتی ناڕەوا بێت و چ بە ناڕازی بوون لە شتی چاک بێت چونکە وەک دەزانین لە ژیانی عادەتیدا زۆر جاران مرۆڤ دڵخوازی خۆی لە شتی بەد و ترسنۆکانە و ناجایەزدا دەبینێت و دەسەڵاتەکەی بە پێچەوانەی فەرمانی مەنتیق و داد و بەرژەوەند بەکار دەهێنێت، ناوناوەش کە نووسەری ماددی ناچار دەبێت ئەو گومڕاییەی گەل تێ بخوێنێتەوە خەریک دەبێت هۆیەکە بداتەوە بە فێڵی فێڵبازان و خەتای باوەڕی چەوت و سافیلکەیی و تێ نەگەییشتن و شتی ئەوتۆیی بە جۆرێک هەر دەڵێی ئەو دیاردانەش شتی ماددین وەک پارە و گەنم و ماش و پێستەڕێوی و فەردەلۆکە، کەچی لەگەڵ هەموو ناشیرنیەکی تێیاندایە بەچکەی هەناوی مرۆڤن و هۆی سەر بە کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و نەریت و شتی مەعنەوین.

بە نموونە دەڵێم بەر لە صەد ساڵ زیاتر ئەو هەموو مریدانەی شێخ نەبی ماویلی کە بە فەرمانی ئەو ڕژد بوون لەسەر کوشتنی حاجی قادر‹١١› کام بەرژەوەندی ماددی، شەخسی بێ یا گشتی، هۆی وروژاندنی مریدەکان بوو؟ تێک هەڵقژانی ناوخۆیی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو لە ساڵی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ دا بە کام سوودی ڕەوا و بێگەردی میللەت بوو؟ ڕێک نەکەوتنی کۆمیونیستەکان و سۆشیالیستەکانی ئەڵمانیای سەرەتاکانی «١٩٣٠» کە کێشایەوە سەر بێهێزبوونیان و هاتنی پارتی نازی بۆ حوکم چی تێدا بوو غەیری زات کوێریی دڵ گەرمەکانی هەردوو حیزب، بەتایبەتی حیزبی کۆمیونیست [چونکە دیارە ئەویان تیژڕۆتر بوو، دواتریش خەسارەتمەندتر بوو]؟ کۆمیونیستەکان هەر زەرەرێکی دیتبایان لە سەلماندنی داخوازی سۆشیالیستەکان هەرگیز تووشی ئەو نەگبەتیە نەدەهاتن کە لەدەست نازییەکان چێشتیان، بێشکەی کۆمیونیزمیش کە ڕووسیایە نەدەگەییشتە ڕۆخی لەناوچوون بەو هێرشەی برایە سەری لە ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٢ دا. هەر تەبریرێکی «مادی!» و نامادی بۆ ئەو تەرزە ڕێک نەکەوتنە و هەزاران هەڵوەستی نابەجێی دیکەی وەک ئەو بهێندرێتەوە نە فلسێک دەهێنێت و نە تۆسقاڵێک قەناعەت بەدەستەوە دەدات، تاکە یەک بستیش بەلای ڕاستی و دروستیی لێکدانەوەمانەوە نابات لەوە پتر کە بە درۆ بڕوایێکی گومڕایانە بە تەعلیلێکی چەوت و چوێر دەهێنین.

ئا لێرەدا تێبینیەکی بچووک هەیە پێویستە لێی لا نەدەم، ئەویش لەلای خۆیەوە تیشکێکی ڕوون

کەرەوە دەهاوێژێت بۆ چۆنیەتی لەیەک دوورکەوتنەوەی دوو هەڵوەستی «زات» بەرانبەر دوو ڕووداوی وەکوو یەک: زۆر نووسەری ماددیم دیتوە دانی هێناوە بە هەڵەبوونی هەڵوەستی کۆمیونیستە ئەڵمانەکان لەو ڕێک نەکەوتنەیان لەگەڵ سۆشیالیستەکاندا، بەزۆریش هەڵەبوونەکە لەوەدا دەدۆزنەوە کە دواتر بوو بە ڕێ خۆش کەرەوەی هێرشی نازییەکان بۆ سەر ڕووسیا، بەڵام ناسەلمێنن کە وا ڕێک کەوتنی ڕووسەکان لەگەڵ نازییەکان لە سەرەتای شەڕی دووەمدا هەڵەیێکی کوشندە بوو، کەچی وەک دەزانین ئەو ڕێک کەوتنە وای کرد کە هەڵەی پێشووتری کۆمیونیستە ئەڵمانەکان تا ئەو ڕادەیە بکێشێتەوە سەر هەرەشەی کوشندە لە ژیانی ڕووسیای کومیونیست چونکە ئەگەر ستالین ڕێی چۆڵ نەکردبایە بۆ هیتلەر کە لە ١٩٣٩ پۆڵەندە بشێلێت و دواتریش لە ١٩٤٠ دا فرەنسە لەناو ببات، هیتلەر نەی دەتوانی لە ١٩٤١ دا هێرش بباتە سەر ڕووسیا و ستالین، لەمەشدا چ تەبریرێک پەیدا نییە کە دەگوترێ لەترسی ڕێک کەوتنی هیتلەر لەگەڵ فرەنسە و ئینگلیز، ستالین ناچاری ڕێک کەوتن بوو لەگەڵ هیتلەر چونکە دیتمان لە هیچ حاڵاندا دەوڵەتەکانی ڕۆژاوا لەگەڵ هیتلەر ڕێک نەکەوتن. ئێمە ئەگەر بەهانەی وەها سافیلکە و بێبنج لە ستالین بسەلمێنین دەبێ هەر لە پێشەوە هیچ گلەیی نەبەینەوە سەر کۆمیونیستە ئەڵمانەکان چونکە ئەوانیش دەتوانن بە فەندی زمانلووسی هەزار و یەک بەڵگەی ڕێکوپێکت بۆ بهێننەوە و خۆیان لە گلەمەندیی من و تۆ بپەڕێننەوە، جا ئەگەر بیرکەرەوەی ماددی بیەوێ یەک هەڵوەستی هەبێ بەرانبەر ئەو دوو ڕووداوەی وەکوو یەک چاکتر ئەوەیە لە کۆمیونیستەکانیش عوزر و بەهانان بسەلمێنێت و گلەیی بباتەوە سەر بەرەی سۆشیالیست چونکە هەر نەبێ، کە پێمان نەکرێ مێژوو بگۆڕین و ڕووداوان هەڵگێڕینەوە، با قسە و بیروڕامان بەرەو یەکچوونی بگۆڕین.

ئێمە ئەگەر ڕێمان هەبێ لە ڕووداوی زۆر گرنگی وەک هەرای نێوان دەوڵەتان دابەزین بۆ مەتەڵ و پەندی پێشینیان بە نیازی بەسەرکردنەوەی لایەنی زاتی بوونی مرۆڤ لە نەزەر بیروڕای خاوەنی پەندەکان، کە دەکاتەوە گەل، دەبینین لەوێشدا بە شێوەیێکی عەفەوی هەست بەو لایەنە کراوە بەڵام بێ ئەوەی دەمەتەقەی زاتی بوون و مەوزووعی بوونی مرۆڤ هەڵستێنێت [دیارە لە ئێمکاندا نەبوە ئەو لایەنە هەڵستێنێت]. من لەو پەند و مەتەڵانە چەند نموونەیەکی وەها دەهێنمەوە کە بشێ بخرێنە بەر پێوانەی زاتی و مەوزووعییەوە، ئەگەرنا پەند و مەتەڵی ئەوتۆ هەیە خۆیان لە خۆیاندا ئەوەندە زاتین کە لە سنووری عادەتیی زاتییەت تێپەڕیون بەرەو غەیب، بگرە ئەفسانەش، دیارە غەیب و ئەفسانەش بە لێکدانەوەی ماددی چ پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ماددییەت و مەوزووعیەتەوە نییە.

پەندێک هەیە دەڵێ: «پووشکە بە چاوی خەڵقەوە دەبینێت بەڵام کوڵەوژ [وەیا چیلکە] لە چاوی خۆیدا نابینێت». ئەم پەندە درێژەیێکی ژیرانەی گوتە مەشوورەکەیە کە دەڵێ کەس عەیبی خۆی نابینێت، هەروەهاش هەردوویان خزمی «کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە» ن. پەندەکان لەگەڵ تێ خوێندنەوەی لایەنی سوودی شەخسی و خۆتەرجیح دان بەسەر غەیردا، کە دەقاودەق لەگەڵ هەلپەرستی یەک دەگرنەوە، وەها ڕادەگەیەنن کە بە عادەت مرۆڤ دڵ و دەروون و ئارەزۆی خۆی دەکاتە پێوانەی چاکە و خراپە، دیاریشە ئەمە جەرگەی زاتییەتە و چ پێوەندی بە مەوزووعییەتەوە نییە. مرۆڤ ئەگەر لە دەروونیدا جۆرە باوەڕێکی نەبێ بە ڕاست بوونی «پووشکە دیتن لەچاوی غەیردا» ناوێرێ پڕ بەدەم لە خەڵقی بکاتە

عەیب، هەروەهاش ئەگەر هەستی تەواو بکات بە عەیب بوونی ئەو کۆلەوەژەی ناو چاوی خۆی دیسانەوە جورئەت ناکات لچک و لێوان لە پووشکەکە هەڵێنێت. عەیبی خۆ نەدیتن و عەیبی خەڵق دیتن بەر لە هەموو شتێک هەڵوەستی زاتە، دواتر ڕەنگە باداتەوە سەر هەلپەرستی چونکە لەوێدا وێڕای «نیگای زاتی» بێشەرمی و بێپەردەییش هەیە کە هەر بەجارێ لە مەوزووعییەت دەترازێ.

بۆیە پێت دەڵێم خاڵە چوێلەکانم بۆ بگری.

دەستێ نەتوانم بی بڕم ماچی دەکەم.

کێ دایکی مارە بکا ئەو باوکیەتی.

بەخێشەخێش لێت دێمە پێش.

ئەگەر دیترام ئەزم، ئەگەر نەدیترام دزم.

ئەمانە هەموویان بەولاوەی زاتیەتەوە بەرەو هەلپەرستی و خۆویستییەوە ڕۆییشتوون، هەر ئەمانەشن لە بەیتەکەی شاعیر دەنگ دەدەنەوە و ڕێی دەربڕین لە بەر زمانیدا خۆش دەکەن:

زەمانە هەر کەسی هێنایە مەیدان

ئیطاعەی فەرضە لای قەولی حەکیمان

لێرەدا مەودام نییە لە گۆشەی زاتی بوون و مەوزووعی بوونەوە سەیری ئەو هەڵوەست و گوتە و پەند و قسەی نەستەق و بابەتە فۆلکلۆرییانە بکەم کە تاکە مرۆڤ بەرەو سوودی بەرتەسکی شەخسییەوە دەبات لەگەڵ ئەوانەی هانی زوربەی گەل دەدەن بۆ وەدەست هێنانی بەرژەوەندی گشتی، ئەوەی ڕاستیش بێ ئەم لایەنەی «سوودی تاک» و «سوودی گەل» سەر دەکێشێتەوە بۆ ئاکار و خەسڵەتی جوامێری و زێدە ژیری لەو پەند و قسە نەستەقانەدا کە وا بەهەمەحاڵ تەعبیر لە زات دەدەنەوە بەڵام زاتی مەرد و ژیر.

لە بەرەو دوای ئەم بەشەی نووسینەکەمدا بە پێویست دەزانم یەک دوو ڕوون کردنەوەی کورتیلە بخەمە سەر هەندێک لەو بیروڕایانەی لە شێوەی کەڵەکە کردن بە دوا یەکتردا هاتن:

ڕوون کردنەوەی یەکەم ئەوەیە کە وا من هەرچەند دەزانم لە مێژوودا «دەسەڵات» لەسەر تاکە بنەمای چەوساندنەوە هەڵ نەستاوە، پتر لە عادەت حەز بە نەبوونی دەسەڵاتی ناڕەوا دەکەم پتریش لە عادەت پێی سەغڵەت دەبم، بۆیەشە وەها بەڕاشکاوی هەڵوەستی بە فیز و نازی شۆڕشگێڕان تاوانبار دەکەم: شۆڕشگێڕێک کە ڕێ بە خۆی بدات لە سەرەک عەشیرەتێکی دەوری حامووڕابی ناڕازی بێت دەبێ شەرم بکاتەوە لە شکاندنەوەی فەلاحێکی ئەم سەردەمە کە بە پێی قەناعەتی خۆی داوای مافێک دەکات بەڵام لەگەڵ باوەڕی شۆڕشگێڕەکەدا ڕێک ناکەوێت.

هەر لە زیمنی ئەم ڕوون کردنەوەیەدا دەڵێم چی گوتم لە بارەی سوودی دادگا و یاسای کۆنینە بۆ هەژاران، بەیانی ڕاستێکی مێژووییە نەک بانگ هێشتنە بۆ خامۆش بوون لە یاسای ناڕەوا و دادگای بە پێچ و پەنا، هەروەک کە بلێم هەبوونی کۆلکە حەکیمان بەر لە صەدان ساڵ چاکتر بوو لە نەبوونیان ئەوە ناگەیەنێ کە من کۆلکە حەکیم بەسەر خاوەن شەهادەی F.R.C.S. دا تەرجیح دەدەم. دەبێ قسەکانم بدرێتەوە بەو سەردەمانەی لە بارەیانەوە دواوم.

ڕوون کردنەوەی دوەم، کە وا تاڕادەیێک دووبارە کردنەوەی سەرنج ڕاکێشانێکی پێشووترە، ئەوەیە کە لەو ڕەخنانەی من لە بیرکەرەوەی مادديم گرتوون دەبێ حیسابی ئەوەم بۆ بکەیت کە وا بەشێکی زۆری شتە ڕەخنە لێ گیراوەکان ئاکام و ئەنجام و بەرهەمی نەزەریەکەیەتی نەک قسەی دەقاودەق و پاتەوپاتی، وەک ئەوەی کە ئەو پێی گوتم «بە گۆڕانی هۆی بەرهەم هێنان، هەموو شت دەگۆڕێ» لزوم نامێنێ بە قسەی ڕەق ئیلغای ئیرادەم بکات چونکە ئەنجامی نەزەریەکەی دەوری منی لەغو کردوە، بگرە منی تێ بردوە. بە نموونە دەڵێم ئەو کەسەی کە دەڵێ ئاسمان بەدەوری ئەرزدا دەخولێتەوە لە هەمان کاتدا گوتوەتی خێرایی سووڕانەوەی بەشێک لە ئەستێرەکان سەدان ملیۆن جار هێندەی خێرایی ڕووناکییە چونکە کە بزانین ئەو ئەستێرانە مەسافەی یەک ملیۆن «ساڵی ڕووناکی» لە ئەرز دوورن دەبێ بە خێرایی هەزاران هێندەی ڕووناکی بگەڕێن ئنجا بتوانن لە شەو و ڕۆژێکدا دەوری ئەرز بدەنەوە، کابرای خاوەن قسەکەش ڕێی نییە ئینکاری ئەم ئەنجامە بکا بەوەدا کە گۆیا ئەو لە دەقی قسەکەیدا شتی وەهای نەگوتوە. پێویستە خوێنەر لە زۆر جێگەدا بیری ڕوونی خۆی بداتە پاڵ بابەتی خوێندنەوەی بۆ ئەوەی سەرلەبەری چەشمەندازی بەر ڕووناکایی نووسینەکە بەسەر بکاتەوە.

دوای ئەم ڕوون کردنەوانەش دەڵێم قسەکانم زەرەر لە کەس و لە هیچ نادەن.

* * *

لێرەدا بەشی یەکەمی ئەم نووسینە بە کۆتایی دەگات. لە سەرەتاوە بەر لە پێنج ساڵ کە دەستم کرد بە نووسینی باسەکە هەمووی یەک نەفەس و یەکسەر بەدوا یەکتردا هات. ئێستاش کە کەوتمە سەر ڕێک خستن و بڵاو کردنەوەی هەمان یەک نەفەسی کۆنی پاراست بەڵام گەلێک خۆی لەبەریەک کێشایەوە و شریتەی درێژ بۆوە تا ئەو ڕادەیەی کە دەشێ چاو و مێشکی خوێنەر ماندوو بکات بە تایبەتی کە دەزانم باسەکە لەوپەڕی وشکیدایە و هیچ شلکی و نەرمی تێدا ڕەچاو نەکراوە. ئەمە لە لاییەکەوە، لە لاییکی دیکەشەوە ئەو هێندەی کردم بە بەشی دوەم بە تەواوی وەک ڕووی دوەمی سکەیە کە وا تەواوکەری ڕوەکەی دیکەیەتی بەڵام هەردوو ڕوو پشت لە یەکترن ئەگەر نەڵێم پێچەوانەن. لە بەشی یەکەمدا، لە پەراوێزی زاتیەتی مرۆڤ، بە شێوەی بنجی باسی ڕووی «ایجابی» ی هۆشم کردوە کە دەکاتە ڕووی تێگەییشتن و بۆچوونی ڕاست و لێکدانەوەی ژیرانە [هەرچەند بە پێی پێویستیش ناوناوە دەوری ڕوە سەلبییەکەشی هەڵاتووم]. لە بەشی دوەمی ئەم نووسینەدا دێمە سەر باسی دەوری «سلبی» ی هۆش کە بە پێی باوەڕی من لە هیچ ڕوویێکەوە سەر ناگەیەنێتە سوود و بەرژەوەند، بەڵکوو لە ماڵ کاولی و ڕەنج بەخەساری و بەفیڕۆ ڕۆییشتن بەولاوەی تێدا نییە. تا کاتێک بەشێکی تر وەیا بەشەکانی تری ئەم نووسینە دەخوێنیتەوە، چی لێرەدا خراوەتە بەر چاوت ئەوە دەهێنێت کە هەر نەبێ وەک تەختەی دامە و شەترەنج نەختێکی لێ ڕابمێنیت.

* * *